**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا

## The bright pages from Erbil history in the Ottoman era

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی**

کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

**E-mail: dr.saadi.haruti@hotmail.com**

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: 2018/6/3

القبول: 2018/7/17

النشر: خريف 2018

Doi:

10.25212/lfu.qzj.3.4.2

**الكلمات المفتاحية:**

*The history of Erbil, the Ottoman era, the position of the Erbilites, the tribes of Erbil*

**الملخص**

شاری هەولێر سەرەڕای ئەو کارەسات و نەهامەتییە زۆرانەی کە لەمێژووی دێرینی خۆیدا بینیویەتی، تۆماری مێژووەکەی چەندین لاپەڕەی پرشنگداریشی تێدایە کە جێگەی شانازی ئەم شارەو ڕۆڵەکانیەتی. مەبەستی سەرەکی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم لاپەڕە پرشنگدارانە هەڵدەینەوەو لەڕووی مێژووییەوە ساغیانبکەینەوەو ڕەهەندەکانیان بەدیاربخەین. بەڵام لێرەدا تەنیا باس لەسەردەمی عوسمانی دەکەین لەم شارەدا کە نزیکەی چوار سەدەی خایاندووە (1514 -1918)، چونکە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە کەمتریان لەبارەیەوە نووسراوە. بێگومان هەوڵێکی لەم جۆرەش خزمەت بەبواری نووسینەوەی مێژووی شارەکان دەکات کە لەزانستی مێژوونووسیدا بایەخی خۆی هەیە.

دوای نووسینی دەروازەیەکی پێویست بۆ بابەتەکە کە تایبەتە بە باری ئاوەدانی ودیمۆگرافیای هەولێر لەسەردەمی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عوسمانیدا، چووینەتە سەر کرۆکی توێژینەوەکە: ئەو لاپەڕە پڕشنگدارانەشی کە لەمیانەی توێژینەوەکەدا باسکراون؛ هەندێکیان پەیوەستن بەپێگەی هەولێر لەڕووی سیاسی- کارگێڕییەوە لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا. هەندێکیشیان سەنگی ستراتیژی وئابووری هەولێر بەدیاردەخەن. هەروەها ڕۆڵی شەرافەتمەندانەی هەندێ لەدەسەڵاتدارانی هەولێر  لەمێژووی شارو ناوچەکەدا بەرجەستە کراوە. بێگومان هەڵوێستی خەڵکی ئاسایی شارەکەش فەرامۆش نەکراوە کە لەهەندێ پێشهاتدا ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبوو. هەموو ئەمانە وەکو سەرباس لەتوێژینەوەکەدا شوێنی خۆیان گرتووە، لەدواجاریش پێگەی هۆزەکانی دەوروبەری هەولێر لەڕووداوەکاندادیاریکراوە، کە بووەتە کۆتا باس..

## پێشەکی

هەروەکو چۆن مرۆڤەکان بەدرێژایی ژیانیان خۆشی و ناخۆشی دەبینن و زۆرجار تووشی نسکۆ دەبن وهەندێ جاریش سەرکەوتن تۆماردەکەن، هەر بەم شێوەیە شارەکانیش چەندین هەورازو نشێو بەخۆوە دەبینن. چونکە شارەکان ژینگەی مرۆڤەکان و زەمینەی ڕووداوەکانن، یان بەواتایەکی تر ئەو شانۆیەن کە مرۆڤەکان وەکو ئەکتەر ڕۆڵی تێدادەگێڕن. ئەگەر ئەم گوتەیە هەموو شارەکان بگرێتەوە، ئەوا لەهەموویان زیاتر بۆ هەولێر ڕاستە، کە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە ئاوەدانە. شاری هەولێر سەرەڕای ئەو کارەسات و نەهامەتییە زۆرانەی کە لەمێژووی دێرینی خۆیدا بینیویەتی، تۆماری مێژووەکەی چەندین لاپەڕەی پڕشنگداریشی تێدایە کە جێگەی شانازی ئەم شارەو ڕۆڵەکانیەتی. مەبەستی سەرەکی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم لاپەڕە پڕشنگدارانە هەڵدەینەوەو لەڕووی مێژووییەوە ساغیانبکەینەوەو ڕەهەندەکانیان بەدیاربخەین. بەڵام لێرەدا تەنیا باس لەسەردەمی عوسمانی دەکەین لەم شارەدا کە نزیکەی چوار سەدەی خایاندووە (1514- 1918)، چونکە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە کەمتریان لەبارەیەوە نووسراوەو هەروەها لەگەڵ تایبەتمەندی زانستی توێژەریش دێتەوە. بێگومان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵێکی لەم جۆرەش خزمەت بەبواری نووسینەوەی مێژووی شارەکان دەکات کە لەزانستی مێژوونووسیدا بایەخی خۆی هەیە.

دوای نووسینی دەروازەیەکی پێویست بۆ بابەتەکە کە تایبەتە بە باری ئاوەدانی وديمۆگرافيای هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا، دەچینەسەر کرۆکی توێژینەوەکە: ئەو لاپەڕە پڕشنگدارانەشی کە لەمیانەی توێژینەوەکەدا باسیان دەکەین؛ هەندێکیان پەیوەستن بەپێگەی هەولێر لەڕووی سیاسی-کارگێڕییەوە لەنێو دەولەتی عوسمانیدا. هەندێکیشیان سەنگی ستراتیژی وئابووری هەولێر بەدیاردەخەن. هەروەها ڕۆڵی شەرافەتمەندانەی هەندێ لەدەسەڵاتدارانی هەولێر لەمێژووی شارو ناوچەکەدا بەرجەستە دەکرێ. بێگومان هەڵوێستی خەڵکی ئاسایی شارەکەش فەرامۆش نەکراوە کە لەهەندێ پێشهاتدا ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبوو. هەموو ئەمانە وەکو سەرباس لەتوێژینەوەکەدا شوێنی خۆیان گرتووە، لەدواجاریش پێگەی هۆزەکانی دەوروبەری هەولێر لەڕووداوەکانداياری دەکەین، کە دەبێتە کۆتا باس.

لەتوێژینەوەیەکی لەم جۆرەدا وا پێویست دەکات کە لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا شێوازی پێکهاتەیی (اسلوب التركيبى) پەیرەوبکرێ، چونکە دەبێ زانیارییەکان لێکبدرێن لەپێناو تەواوکردنی وێنە گەورەکە. بەڵام ناکرێ دەستبەرداری شێوازی شیکاری (اسلوب التحليلى)ش ببین کە زۆر پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ڕووداوەکان. سەبارەت بەسەرچاوەکانیش بەپێی توانا هەوڵماندواە زانیاییەکان لەسەرچاوە ڕەسەنەکان وەربگرین، بۆ ئەوەی زیاتر جێگەی باوەڕ بن و لەڕاستییەوە نزیکتر بن؛ وەکو: بەڵگەنامە عوسمانییە بڵاوکراوەکان و ئەو کتێبە مێژووییانەی کە لەسەردەمی عوسمانیدا نووسراون، هەروەها گەشتنامەی گەڕیدە بیانییەکان کەزانیاری هەمەلایەنەیان تێدایە ودەکرێ وەکو تۆماری شایەتحاڵەکان ئەژمار بکرێن. بەڵام لەهەندێ باردا پەنامان بۆ ژێدەرەکانیش بردووە بۆ ئەوەی کەلێنەکانمان بۆ پڕبکەنەوەو وێنەکە تەواوبکرێ.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 - ISSN 2518-6566 (Online) (Print)

**دەروازە: باری ئاوەدانی وديمۆگرافیای هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا:**

هەولێری دێرین[1] شارە قەڵایەکە (citadel) دەکەوێتە جەرگەی دەشتی فراوانی نێوان هەردوو زێی گەورەو بچووك. ئەمەش لەلایەك وایکردووە کە ڕێگەی هاتووچۆی ئاسانی هەبێ بۆ شارە سەرەکییەکانی دەوروبەری، بەتایبەتی کەرکوك وموسڵ. لەلایەکی تریش دەوڵەمەند بێ بە بەروبوومی کشتوکاڵی وهەروەها ببێتە مەڵبەندی ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەم وکاڵاکان بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوەخۆ.[2]

سەبارەت بەئاستی ئاوەدانی وهەڵومەرجی دیموگرافی شاری هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا، هەرچەندە زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نیە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین لەسەدەکانی بەراییدا لەپاشەکشە دابووە. لەم بارەیەوە تێبینی دەکرێ کە تەنانەت لەسەدەی شازدەهەمیشدا تا ڕاددەیەکی باش ئاوەدان بوو. بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانیسالّی (949ك/ 1542ز)کەبریتییە لەدەفتەری تاپۆی ویلایەتی هەولێر، شارەکە لە (7) گەڕەکی نیشتەجێبوون پێکهاتووە کە ئەمانە بوون: (کۆیلی، مەلەك/ یان: مولك، سەڕاجین/ کورتاندرووان، غرغانجیلەر، زەڕگەران/ زێڕینگەران، گۆزەچیان/ یان: کوورەچیان، یەهودیان/ جولەکان)[3] هەروەها بۆیەخانەیەك (کارگەی بۆیەکردنی کوتاڵ) ودەباغخانەیەك (کارگەی پێستەخۆشکردن) ومەیخانەیەکی تێدا بووە. هەر لەڕێی ئەو دەفتەری تاپۆیە دەزانین کە مزگەوتی مزەفەرییە (کە ئێستا بەمزگەوتی شێخی چۆلی بەناوبانگە) لەو سەردەمەدا بەپێوە مابوو،بەڵکو لەنێو

---

(1) سەبارەت بەناوی هەولێر و مێژووی دێرینی، بڕوانە: زبير بلال اسماعيل، اربيل في ادوارها التاريخية، ط1، النجف، 1971.

(2) ابراهيم شريف، الموقع الجغرافى للعراق وأثره فى تاريخه العام حتى الفتح العربى، ج2، بغداد د. ت، ص97.

(3) جێگەی سەرنجە کە ئێستا هیچ یەکێك لەمانە وەکو ناوی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەکارناهێنرێن. تەنیا ئەوە نەبێ کە لەسەدەی بیستەمدا بەشێکی گەڕەکی تەعجیل پێیدەگوترا (تەعجیلی جولەکان)، چەند کۆڵانێکی تری ئەو گەڕەکەش پێیدەگوترا (کوورەچییان). سەبارەت بەگەڕەکەکانی شاری هەولێر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1914- 1930، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر 2008، ل26- 28.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

**مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق**

**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**

**رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

شارەکەشدا بوو.[4] ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاوەدانی دامێنی قەڵا لەو دەمەدا تا ئەو مزگەوتە ولەوانەیە زیاتریش چووبێ.

بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی هەمان دەفتەری تاپۆ، ژمارەی دانیشتووانی شاری هەولێر بەنزیکەی (5400) سەر دەخەمڵێنرێ. بێگومان ئەمەش بەپێوەری سەردەمی خۆی ژمارەیەکی تاڕاددەیەك زۆربووەو بەڵگەی ئەوەیە کەشارەکە لەئاستێکی باشی ئاوەدانی دابووە. وەکو بەراووردێك دەتوانین بڵێین لەکەرکوك و تەنانەت (سۆفیا)ی پایتەختی ئێستای بولگاریا زۆر ئاوەدانتر بووەو وەکو شاری (سیواس) بووە لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە. بێگومان ئەم دەفتەری تاپۆیە وەکو ڕووپێو وئامارەکانی تری عوسمانی ڕێژەی نەتەوەکانمان بۆ دیاری ناکات، بەڵام لەڕووی پێکهاتەی ئایینییەوە پێمان دەڵێ کە لەو ژمارەیەی دانیشتووانی هەولێر ڕێژەی 63,42% موسڵمان و21,65% جوو و 14,93% دیان (کریستیان) بوون. دیارە جووەکان گەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەڵام دیانەکان بەتێکەڵی لەگەڵ موسڵمانەکان نیشتەجێبوون.[5] بێگومان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێکەوە ژیانی ئایینە جیاوەزەکان لەم شارەدا.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (30) ساڵ هێشتا هەولێر لەڕووی ئاوەدانییەوە گەشاوە بوو، چونکە لەساڵی 1574دا (لیۆنهارت راوولف)ی گەڕیدەی هۆڵەندی کە سەردانی هەولێری کردووە، لەبارەیەوە نووسیویەتی: "شارۆچکەیەکی گەورەیە".[6] بەڵام دواتر بەهۆی جەنگ و ئاژاوەی ناوەخۆیی و ململانێی هێزەکانی ناوچەکە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و ئەو بووژانەوەیەی کە لەسەدە ناوەنجییەکاندا بەخۆوەی بینیوە بووەتە ڕابردوو، بەجۆرێك بەرەبەرە دابەزیوە بۆ ئاستی شارۆچکەیەکی کەم بایەخ

---

[4] بڕوانە: د. خليل علي مراد، دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية اربيل 949هـ /1542م، اربيل 2015، ص129- 140، 207.

[5] م. ن، ص206- 207.

[6] رحلة المشرق (الى العراق وسوريا ولبنان وفلسطين)، ت: سليم طه التكريتي، دار الحرية للطباعة، بغداد 1978، ص201.

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

ولاوەکی.[7]تەنانەت ساڵنامەیەکی[8] عوسمانیش (کە وەکو ڕاپۆرتی فەرمی ئەژمار دەکرێ) ئاماژە بەم مەسەلەیە دەدات، بەڵام تەنیا دەستدرێژییە دەرەکییەکان بەتایبەتی ئێران، بەهۆکار دادەنێ بۆ دواکەوتنی بارودۆخی هەولێر.[9]ئەم ڕاستییە بۆ گەڕیدە بیانییەکانیش شاردراوە نەبوو، بۆیە لەزانیاری وسەرنجەکانیان بەدیاردەکەوێ؛ بۆ نمونە (ژان ئۆتەر)ی فەرەنسی کاتێ لەحوزەیرانی 1743دا دێتە هەولێر، ئاماژە بەشکۆمەندی ڕابردووی شارەکە دەکات. بەڵام لەترسی دیاری بەخشین بەفەرماندار ناچێتە نێو هەولێر، بۆیە لەخوارەوەی قەڵا هەڵدەدات و هەر لەدەرەوەدا وەسفی دەکات و دەنووسێ: "شارەکە لەسەر تەپۆلکەیەکی بەرز دروستکراوە، شێوەی هەڵکەوتی زۆر لەهەڵکەوتی کەرکوك دەچێ. ئاوی ئەربیل لەدوو چاڵاو دابین دەکرێ، یەکێکیان بۆ مزگەوت و ئەویتریشیان بۆ کۆشکەکە دەچێ".[10]

بەڵام ئەم گەڕیدەیەی پێشوو هیچ ئاماژەیەك بە ئاوەدانی خوارەوەی قەڵا ناكات. دیارە لەو دەمەدا ئاوەدانییەکی ئەوتۆ لەوێدا نەبووە کە باسبکرێ. چونکە (13) ساڵ دواتر ئینجا خانووەکانی دامێنی قەڵا دەگەنە ئەو ئاستەی کەپێیان بگوترێ (گوند). ئەمەش لەزانیارییەکانی پزیشکی ئینگلیزی (ئیڤز) دەردەکەوێ کە لەساڵی 1758دا هەولێری بینیوە. ناوبراو لەبارەی قەڵای هەولێردا دەڵێ وەك قەڵای کەرکوك لەسەر گردێکی دەستکردی بەرزی بازنەیی دروستکراوە کە چوونەناوی سەختە، ئاماژە بەوەش دەدا کە قەڵای هەولێر (20) پێ لەقەڵای کەرکوك بەرزترە. بەڵام کاتێك باسی ئاوەدانی دامێنی قەڵا دەکات کە لەخوار قەڵا لەلای باشوورو ڕۆژئاوای بوو، دەڵێ : "تەنیا گوندێکی بوودەڵەیە". بەڵام چونکە چەندین

---

[7] عماد عبدالسلام رؤوف، الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك1749-1831، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب جامعة القاهرة 1976، ص25.

[8] ساڵنامە: زاراوەیەکی عوسمانییە لەدوو بڕگەی (ساڵ) و (نامە) پێکهاتووە، کە لەکوردیشدا هەمان واتا دەبەخشێ واتە (نامە یان ڕاپۆرتی ساڵانە). ساڵنامەکان چەند جۆرێك بوون، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوانە بوون کەدەزگا فەرمییەکان لەویلایەتەکان دەریان دەکرد. ئەمانە زانیاری گرنگیان تێدابوو لەبارەی هەڵومەرجی کارگێڕی وجوگرافی ومێژوویی وئاوەدانی وئابووریی ویلایەتەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن دومان،الببليوگرافيا والفهرس الموحد للسالنامات والنوسالات العثمانية، انقرة 1999،ص39 ومابعدها.

[9]موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، موصل مطبعة سنده طبع اولنمشدر، ص279.

[10] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (1734- 1743) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریانی، چ1، هەولێر 2013، ل97.

ئاماژە لەبارەی ئاوەدانی پێشوو دەبینێ، بۆیە درێژەی دەداتێ ودەنووسێ: "کەچی بەئاشکرا گەواهی ئەوە دەدات کە لەشوێنی شارێکی گەورەی سەردەمانی پێشووە. ئەویش بەتێبینی کردنی فراوانی گۆڕستانە کۆنەکەو هەندێك کەلاوە کە تا ئەو کاتە لەوێ مابوون".[11]

پێدەچێ (ئیڤز) لەو کەلاوانە مەبەستی مزگەوتی موزەفەرییە بێت لەگەڵ منارەکەی، چونکە (کارستن نیبور)ی گەڕیدەی ئەڵمانی کە لەساڵی 1766دا هاتۆتە شارەکە، دەڵێ: "لەهەولێر هیچ شوێنەوارێکی بەرچاو نابینرێ بێجگە لەپاشماوەی مزگەوتێکی گەورە کە دەکەوێتە دووری قەڵاکەو لەنێو کێڵگەکاندایە، ئەویش لەشوێنەوارەکانی سوڵتان موزەفەرەو ئەو منارەیەی تەنیشت مزگەوتەکە بونیادێکی بەهێزی هەیە...".[12] کەواتە لەو سەردەمەشدا هێشتا مزگەوتی موزەفەرییە یان بەلایەنی کەم شوێنەوارەکەی،مابوو. بێگومان منارەکەش تا ئێستا پارێزگاری لەمانەوەی خۆی کردووە. بەڵام هیچ ئاوەدانییەکی لەدەوروبەردا نەماوەو کەوتۆتە چۆلی بۆیە ئێستا بە (منارەی چۆلی) دەناسرێ.

جێگەی سەرنجە کە (نیبور)یش هاوشێوەی دوو گەڕیدەکەی پێشوو، تێبینی داکشانی ئاوەدانی هەولێری کردووە؛ بۆیە دوای باسکردنی شکۆمەندی ڕابردووی ئەو شارە، دەنووسێ: "شارەکە لەو دەمانەدا زۆر گەورە بووەو قەڵایەکیشی هەبووە کە لەسەر گردێکی بەرز بنیادنراوە. کەچی ئەمڕۆ بێجگە لەقەڵاکە هیچی لێ نەماوەتەوە. بەڵام ئەمیش شوورەی نیەو تەنیا خانووی لەسەر دروستکراوە بەتایبەتی لەدەوری لێواری گردەکە بەشێوەی بەیەکەوەلکاو، بۆیە کەس ناتوانێ بەنێوانیاندا بچێتە نێو شارەکە تەنیا لەدەروازەی ئێستای شارەکەوە نەبێت". سەبارەت بەئاوەدانی خوارەوەی قەڵاکەش دەڵێ: "هەرچی ئەو گردەی خوارەوەی قەڵایە کەپێشتر شاری گەورەی هەولێری تێدا هەڵکەوتبوو، تەنیا چەند خانووێکی هەژارانەی لێیە".[13] کەواتە دوای (8) ساڵی تریش لەگەشتەکەی (ئیڤز) هێشتا لەدامێنی قەڵا

---

(11) جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد و كركوك و الموصل، مجلة (الاقلام) ج( 12)، س(2) آب 1966، ص46.
(12) رحلة نيبور الى العراق في القرن18، ت:محمود حسين الامين، بغداد 1965، ص90.
(13) م. ن، ص89- 90.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوەدانییەکی ئەوتۆ نەبووە. بێگومان شاڵاوە مەزنەکەی نادرشا لەساڵی 1743دا کە هەولێریشی تووشی داگیرکاری وکاولکاری کرد،[14] کاریگەری هەبوو لەم بارەیەوە.

دیارە پەرەسەندنی ئاوەدانی شاری هەولێر لەم سەردەمەدا زۆر سست بووە، بەجۆرێك دوای تێپەڕبوونی چەندین دە ساڵ هێشتا گۆڕانکاری ئەوتۆ لەگوزارشی گەڕیدەکان سەبارەت بەم شارە، بەدی ناکەین. ئەوەتا (ئۆلیڤیێ)ی فەرەنسیکە لە (16)ی نیسانی 1794 (واتە 28 ساڵ دوای نیبور) هاتۆتە هەولێر، بەهەمان شێوە دەنووسێ: "هەولێر شارێکە لەسەر گردێکی دەستکردی بەرزی ڕووتەخت بنیادنراوە... و شوورەیەکی کۆن دەوری داوە". ئینجا دوای ئەوەی سەرسامی خۆی بە بەرزی قەڵا دەردەبڕێ و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەمە دەستکردی مرۆڤە، دەڵێ: "بەشەکەی تری شارەکە دەکەوێتە دەشتاییەکە، لەباشووری گردەکە... بەڵام پێدەچێ ئەو شارە لەڕابردوودا ڕووبەرێکی گەورەتری لەدەشتاییەکە گرتبێ، ئەمڕۆ هەندێ کەلاوەی تێدا بەدی دەکەین، هەروەها لەدووری شارەکە بورجێکی چوارگۆشە دەبینین کە دیارە منارەیەکی سەردەمی خەلیفەکان بووە". سەبارەت بە دانیشتووانی شارەکەش دەڵێ ئەمڕۆ ژمارەیان لە (2000) کەس تێپەرناکا و هەموویان بەزۆری کوردو کلدانن.[15]کەواتە لەدامێنی قەڵا تەنیا لای باشووری ئاوەدانی تێدا دروستکراوەو منارەی چۆلی (موزەفەرییە)ش هەر لەدووری ئاوەدانی بووە. کە ئاوەدانی شارەکەش بەم شێوە بێ، بێگومان ئەو خەمڵاندنەی کە سەبارەت بەژمارەی دانیشتووان دەیکات، پێدەچێ زۆر لەڕاستی نزیك بێ.بەڵام (ئۆلیڤیێ) سەبارەت بەپێکهاتەی دانیشتووانی شارەکە هەڵەی کردووە، چونکە ڕاستەکەی ئەوەیە کە کلدانەکان یان دیانەکان بەگشتی، لەم سەردەمەدا لە عەنکاوە نیشتەجێبوون هەروەکو ناوبراو خۆشی

---

[14] لەم بارەیەوە بڕوانە: د. سعدى عثمان حسين، كوردستان الجنوبية فى القرنين السابع عشر و الثامن عشر، دراسة فى علاقاتها السياسية والادارية والاقتصادية مع إيالتى بغداد والموصل، اربيل 2006، ص313.

[15]رحلة أوليفييه الى العراق 1794-1796، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد 1988،ص64- 65.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشتر ئاماژە بەوە دەکات.[16] هەرچی هەولێرە ئەوا بەزۆری کورد وتورکی تێدابوو، هەروەکو هەندێ گەڕیدەی تر وادەڵێن.[17]

بەهۆی ئەم بارە نالەبارەیەوە، هەندێ جار هەولێر نەك تەنیا نەبۆتە جێی سەرسامی گەشتیارەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەسفی زۆر نەرێنییان کردووە؛ وەکو (ولیەم هیوود)ی ئینگلیزی کە لەساڵی 1817دا هاتۆتە هەولێرو بە "شارێکی ناشیرین وپیس وپۆخڵ" وەسفی دەکات. سەبارەت بە قەڵاکەش دەڵێ: "بەچاو وەکو بارستێکی بێشوماری کەلاوەو کەرەسەی بەسەر یەکداکراو دیارە".[18] بەڵام دیارە ئەم وەسفانەی گەڕیدەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەزەینی خۆیدا لەگەڵ شارەکانی بریتانیای بەراوورد کردووە. یان بەسەرڕێیی بۆ ئەم شارەی ڕوانیوە. چونکە کەوتۆتە هەڵەوە سەبارەت بەهەڵکەوتەی قەڵاکە لەنێو شارەکەداو تەنانەت قەڵاکەش لەدیدی ئەودا ڕووخاوە، بۆیە دەڵێ: "ناوەڕاستەکەی پاشماوەی قەڵایەکی لێیە کەڕووخاوە. هەروەها دەکەوێتە سەر ئەو بەرزییە دەستکردەی کە دەڕوانێتە سەر پێدەشتەکە".[19] دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە کە ناوبراو تەنیا دیوە ئاوەدانەکەی دامێنی قەڵای بینیوەو وایزانیوە هەموو لایەکانی ئاوەدانن و قەڵاکەش لەناوەڕاستدایە. بێگومان قەڵاکەش نەڕووخاوەو ئاوەدانی تێدابووە، وەکو لەزانیاری گەڕیدەکانی دواتردا بەدیاردەکەوێ.

تەنیا سێ ساڵ بەسەر گەشتەکەی (ولیەم هیوود)دا تێپەڕیبوو، کاتێ (ریچ)ی جێنشینی بریتانی لەبەغدا سەردانی هەولێری کرد. دیارە لەو دەمەشدا خوارەوەی قەڵا تاڕادەیەك فراوانتر بووەو بەشی سەرەکی شارەکەی پێکهێناوە، بۆیە سەرەتا ئاماژە بەو بەشە دەکات و دەڵێ: "هەولێر دەکەوێتە لاپاڵی گردە دەستکردەکە ، بەتایبەتی لای باشووری، تەنیا گەرماوێکی تێدایە لەگەڵ چەند کاروانسەراو بازاڕێك. بەشێکی شارەکەش دەکەوێتە سەر گردە دەستکردەکەو پێی دەڵێن قەڵا". ئەم گەڕیدەیەش هەستی

---

(16) م. ن، ص62؛ هەروەها بڕوانە: المنشيء البغدادي (محمد بن احمد الحسيني) ، رحلة المنشيء البغدادي، ت: عباس العزاوي، بغداد 1948،ص77.

(17) بڕوانە: كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج في العراق عام 1820، ت: بهاء الدين نوري، ج1، مطبعة السكك الحديدية، بغداد 1951، ص244؛ المنشيء البغدادي، م. س، ص76.

(18) سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆکوردستان ساڵی 1817، و: د. نەجاتی عەبدوڵلا، هەولێر 2012، ل65.

(19) هـ. س، ل65.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەوەکردووە کە شارەکە پێشتر پان وبەرین بووە. هەروەها لەدەرەوەی شار شوێنەواری مزگەوتی (موزەفەرییە)شی بینیوە لەگەڵ منارەکەی. بەڵام تێبینی کردووە کەبناغەی مزگەوتەکە هەڵتەکێنراوەو بەردو خشتەکانی بردراون.[20] دیارە لەو کاتەوە خەڵکی شارەکە دەستیانکردووە بە دەرهێنان وبردنی خشت وکەرەستەکانی وێرانەی مزگەوتەکەو ئەمەش سەرەتایەك بووە بۆ نەهێشتنی شوێنەوارەکەی بەیەکجاری.

گەڕیدەی فارسی (المنشئ البغدادي)س کە هاوسەفەری (ریچ) بوو، ئەم زانیارییانەی سەرەوە دوویات دەکاتەوە. بەتایبەتی سەبارەت بەمانەوەی شوێنەواری مزگەوتەکەو هەروەها فراوانتر بوونی ئاوەدانی لەخوارەوەی قەڵا. تەنانەت بە ژمارەش ئەوە دەسەلمێنێ؛ کاتێ دەڵێ: "قەڵا نزیکەی هەزار خانووی نیشتەجێی هەیە، لەدەرەوەی قەڵاش نزیکەی چوار هەزار خانوو".[21] هەرچەندە ئەو ژمارانەئاماژەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە خوارەوەی قەڵا لەو سەردەمەدا ئاوەدانتر بووە لە خودی قەڵاکە، بەڵام بەئاشکرا دیارە کە زێدەڕۆییان تێدایە. چونکە ئەگەر هەر خانووێك (5) کەسی تێدا ژیابێ ئەوا دانیشتووانی شارەکە نزیکەی (25) هەزار کەس بوون. کەچی تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هێشتا ژمارەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، وەکو دواتر دەبینین.

سەبارەت بەژمارەی دانیشتووانی هەولێر لەم ماوەیەدا، یەکێك لەگەڕیدە بیانییەکان لەدەوروبەری ساڵی 1836دا مەزەندەی (6000) سەر دەکات. بەڵام چونکە لەم ماوەیەدا پەتای (تاعون) لەشارەکە بڵاوبۆتەوە،[22] بۆیە دوای زیاتر لە (10) ساڵی تریش (1847)هەرژمارەی دانیشتووانی هەولێر بەم هێندە دەخەمڵێنرێ.[23]لەڕاستیشدا نەك تەنیا بۆ ئەو ماوەیە بەڵکو بۆ تەواوی سەردەمی عوسمانی، دەبێبزانین کە یەکێك لەهۆکارەکانی نزمی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی هەولێر (تەنانەت هەندێ جار کەمبوونەوەی ژمارەیان)، ئەوەبوو کە قاتوقڕی وپەتای لەناوبەر هەر چەند ساڵ جارێك لەناوچەکە

---

[20]رحلة ريج...، ص244.
[21]رحلة المنشيء البغدادي، ص76 -77.
[22] بڕوانە: د. سعد بشير اسكندر، قيام النظام الإماراتي في كردستان وسقوطه، ط2، مطبعة شڤان، السليمانية 2008، ص197- 198.
[23] مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل29.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

بڵاودەبۆوە، هەندێ جار هەولێریشی دەگرتەوە؛ وەکو ئەو (تاعون)ـەی کە لە ساڵانی 1772- 1773دا هەولێر وکەرکوك و ناوچەکانی عیراقی گرتەوەو ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی ئەو ناوچانەی لەناوبرد.[24]

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، کوردستان وناوچەکە گۆڕانکاری گرنگیان بەخۆوەبینی؛ بەتایبەتی سەپاندنی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی عوسمانی وبەستنەوەی هەرێمەکانی دەولەت بەدەسەڵاتی ناوەندییەوەو هاندانی هۆزەکان بۆ نیشتەجێبوون، هەروەها وابەستەبوونی ئابووری ناوچەکە بەبازاڕی سەرمایەداری جیهانی. کە ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی دەرەکی. ئەم گۆڕانکارییانەش هاوکات بوون لەگەڵ چاکسازییەکانی عوسمانی و هەوڵەکانی بەهاوچەرخکردنی دەولەت. بێگومان هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر گەشەسەندنی شارەکان وبازاڕەکانیان، هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانیان.[25]

هەولێریش یەکێك بوو لەو شارانەی کە کاریگەری ئەم گۆڕانکاری وپەرەسەندنانەی پێوەدیاربوو؛ بەتایبەتی لەڕووی فراوانبوونی ڕووبەری ئاوەدانی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی، هەروەها پەرەسەندنی بازاڕ ودامەزراوە گشتییەکان. ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵی عوسمانی کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەرچوون، زانیاری گرنگمان لەم بارەیەوە پێدەدەن؛

بەپێی ساڵنامەی 1308ك/ 1891ز کە وەکو یەکەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ دەرچوو، شاری هەولێر (1822) خانووی نیشتەجێبوون و(637) دوکان وشوێنی بازرگانی و(12) مزگەوت و(3) گەرماو و(11) قاوەخانەو (6) قوتابخانەی ئایینی (مدرسة) و(5) قوتابخانەی فەرمی و(1) بنکەی سەربازی

---

[24]یاسین بن خیر الله الخطیب العمری، زبدة الاثار الجلية فی الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف 1974، ص137؛ پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری وکۆمەڵاتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر 2013، ل271- 272، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو کارەساتانەو کاریگەرییان لەسەر هەولێر وناوچەکانی تری کوردستان، بڕوانە: هـ. س، ل227 ودواتر.

[25]مجموعة من أساتذة الجامعة، اربيل/ دراسه تأريخية، إشراف: محسن محمد حسين، مطبعة اراس، اربيل 2012، ص125.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(قشله) و(1) بنكەی پۆلیس (قرغولخانه) ی تێدابووە، لەگەڵ (5) باغ و(3) باخچەو (1546) ڕەزو بێستانی میوەو سەوزە. ژمارەی دانیشتوانی شارەکەش (3763) کەس بوو، لەنێویاندا (497) کەسی ناموسڵمان (دیان و جوو) بوون،[26]واتە بەڕێژەی 13.2%ی دانیشتووان. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم ژمارانە تەنیا ڕەگەزی نێری دەگرتەوەو هەروەها دەرەنجامی ئامارێکی وورد وتۆکمە نەبوون.[27] بۆیە دەتوانین بڵێین کۆی ژمارەی دانیشتووانی هەولێر لەو دەمەدا نزیکەی (7500) کەس دەبوو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەزۆربەی کۆمەڵگەکان ژمارەی هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ تاڕاددەیەك یەکسانن. مەسەلەیەکی تریش جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەویش کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی ناموسڵمانە لەشارەکەدا بەراوورد بەساڵی 1542، کە 36.58% بوو. پێدەچێ ئەمەش بەهۆی موسڵمانبوونیان بێ لەماوەی ئەو چەند سەدەیەدا، یان بەهۆی کۆچکردن ولەناوچوونیان ڕێژەکەیان دابەزیوە لەشارەکەدا.

کاتێك سەیری دوا ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ دەکەین کە لەساڵی 1330ك/ 1912ز دەرچووە، هەندێك پەرەسەندن لەهەولێر بەدی دەکەین؛ بەڵام ئەو پەرەسەندنە لەئاستێکی زۆر نزمدایە لەچاو ماوەی ئەو (21) ساڵەی کە بەسەر یەکەم ساڵنامەدا تێپەڕیوە. بۆیە هەندێك لەژمارەکان دەبنە جێگەی پرسیار؛ بەتایبەتی ژمارەی خانووەکان ومزگەوت وقوتابخانە فەرمی ودوکان وگەرماوەکان وقشلەو قەرەغۆل وباغ وباخچەو ڕەز وبێستانەکان، کە هەر وەکو خۆیان ماوون. جا نازانرێ ئایا لەبەرئەوە بووە کە ئەمانە بەڕاستی ژمارەکانیان هیچ نەگۆڕاون، کە ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، یان دانەرانی ساڵنامەکە ئاگاداری پەرەسەندنەکان نەبوون و هەمان ژمارەکانی پێشوویان دووبارە کردۆتەوە. بەڵام قوتابخانە ئایینییەکان لە (6) کەمبۆتەوە بۆ (5). هەروەها چەند دامەزراوەیەکی نوێش دەبینین کە بریتین لە (6) کاروانسەرا و (23) عەنبار وکۆگا و(4) خانەقاو تەکیە و(1) قوتابخانەی ڕوشدی (ناوەندی) و(1) بارەگای حکومی (حکومت قۆناغی) لەگەڵ یەك کنێشتە (حاورە/ پەرستگای جووەکان). هیچ ئاماژە بەژمارەی قاوەخانەکانیش ناکرێ.[28] لەوانەیە ئەویش لەبیرکرابێ. هەروەها ئەم ساڵنامەیە زانیاریمان لەبارەی

[26] سالنامەء ولايت موصل 1308هـ، مكتوبي ولايت سعاد تلو حسن توفيق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر، ص143.
[27] د. جبار قادر، اربيل فى السالنامات العثمانية، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 26، هەولێر 2013، ل286.
[28] موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، ص278.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەی دانیشتووانی خودی شاری هەولێر پێنادا، بەڵام ساڵنامەی 1325ك/ 1907ز کۆی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە بە (7590) کەس دەخەملێنێ.[29] کەواتە بەراوورد بەساڵنامەکەی ساڵی 1308ك/ 1891ز دیسان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەژمارەکە بەرچاو ناکەوێ. بەڵام تێبینی دەکرێ کە لەساڵانی دواتر زیادبوونی دانیشتووان بەرچاوترە؛ بەپێی بۆچوونێك لەساڵی 1916دا شاری هەولێر نزیکەی (10) هەزار کەسی تێدا ژیاوە.[30]بەپێی خەمڵاندنێکی تر کە ڕاستەوخۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918) کراوە، دانیشتووانی هەولێر بەنزیکەی (14000) کەس مەزەندەکراوە.[31] ئەم ژمارەیەی دوایی لەگەڵ توێژینەوەیەکی هاوچەرخیشدا یەکدەگرێتەوە کە پشتی بەتۆمارەکانی خانووبەرە بەستووە.[32] سەرەڕای هەموو ئەمانە دەتوانین بڵێین لەم سەردەمەدا هەولێر شارێکی گەورە نەبووە، بەراوورد بەشارەکانی دەوروبەری وەو موسڵ وکەرکوك وسلێمانی.[33]

سەبارەت بە دابەشبوونی شارو هەروەها پێکهاتەی دانیشتووان،دەتوانین سوود لەساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵی ساڵانی (1325ك/ 1907ز) و (1330/ 1912ز)، وەربگرین. بەگوێرەی ئەم ساڵنامانە هەولێرلەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتبوو؛ بەشی یەکەمیان قەڵا بوو کە سێ گەرەکی لەخۆدەگرت، هەروەها بارەگای حوکمڕانی شارەکەش لەوێدا بوو. بەشی دووەمیش خوارەوەی قەڵا بوو کە لەچوار گەڕەك پێکهاتبوو.[34]دانیشتووانی هەولێر بەشێوەیەکی سەرەکی لەتورکمان وکورد پێکدەهاتن لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەعەرەب کە لەگەڕەکی (عارەبان) هەبوون. لەڕووی ئایینیشەوە لەموسڵمان و جوو وکریستیانی کلدان پێکدەهاتن، بەڵام موسڵمانان زۆرینەی زاڵ بوون، جووەکان گەڕەکێکی تایبەت

---

(29) موصل ولايتى سالنامەء رسميسيدر 1325، عزتلو صفوت بك معرفتيلە ترتيب و دردنجى دفعە اولەرق، موصل مطبعەسندە طبع اولنمشدر، ص219.

(30) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1918- 1926دا/ توێژینەوەیەك لەبارودۆخی ئابووری، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر 2008، ل15.

(31) دبليو. آر. هى، سنتان فى كردستان 1918- 1920، ج1، ت: فؤاد جميل، بغداد 1973، ص41.

(32) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س، پ، ل15.

(33) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: جبار قادر، م. س، ص287.

(34) ئەو ساڵنامانە ناوی گەڕەکەکانیان نەنووسیوە، بەڵام دەزانین کە گەڕەکەکانی قەڵا بریتی بوون لە: سەرای، تەکیە، تۆپخانە. ئەوانەی خوارەوەش: خانەقا، عارەبان، تەعجیلی جولەکان، تەعجیلی ئیسلام .بوون. بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل26- 28.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەخۆیان هەبوو لەشاردا. هەرچی کریستیانەکان بوون ئەوا لەناو شاری هەولێر دانەدەنیشتن بەڵکو لەگوندی عەنکاوەی نزیك لەو شارە دابوون.[35] سەرەڕای ئەو هەمەجۆرییەی دانیشتووان لەڕووی نەتەوەیی و ئایینی، بەڵام لێبووردەیی وپێکەوەژیانی دانیشتووان یەکێك بوو لەسیما دیارەکانی کۆمەڵگەی هەولێر. چونکە لە تەواوی سەردەمی عوسمانی کە نزیکەی چوار سەدەی خایاند، هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی وئایینی تێدا ڕووینەدا کە باسبکرێ.[36]

**یەکەم: پێگەی سیاسی- کارگێڕیی هەولێر لەم سەردەمەدا**

سەرەتای سەردەمی عوسمانی سەبارەت بەشاری هەولێر دەستپێکی ماوەیەکی گەشانەوەی سیاسی بوو. چونکە ڕاستەوخۆ لەدوای شەڕی چاڵدێران (1514)، ئەم شارە تەبای زۆربەی شارو ناوچەکانی تری کوردستان، لەداگیرکاری دەولەتی سەفەوی ڕزگاری بوو. ئەمەش کاتێ بوو کە میر سەیدی بەگی کوڕی شاعەلی بەگی سۆرانی کە ببووە لایەنگیری عوسمانی، شکستی سەفەوییەکانی قۆستەوەو هەولێر وکەرکوکی لەدەستیان دەرهێنا.[37] کەواتە هەولێر کەوتە دەست هێزێکی خۆماڵی کەمیرنشینی سۆران بوو، هەرچەندە ئەویش سەربە دەولەتی عوسمانی بوو. ئەم بارودۆخەش تا (20) ساڵی تر هەر بەردەوام بووەو تەنانەت لەم ماوەیەدا ئەم شارە بووەتە مەڵبەندێکی سەرەکی میرنشینی ناوبراو. چونکە وەك لەسەرچاوەکاندا دەردەکەوێ، لەسەروبەندی هەڵمەتەکەی ساڵانی (1534- 1535)ی سوڵتان سلێمانی قانونی (1520- 1566)دا عززەدین شێری میری سۆران لەهەولێردا حوکمڕانی دەکرد.[38] بەڵام

---

[35] موصل ولايتى سالنامەء رسميسيدر 1325هـ، ص219؛ موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، ص277.

[36]مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص 129.

[37] شرفخان البدليسى، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، ج1، ط2، مؤسسة موكرياني، اربيل 2001،ص 458؛ هاممەر، دولت عثمانيه تاريخى، مترجمى: محمد عطا، استانبول 1330 ڕومى، ج4، ص155؛ محمد امين زكى، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ت: محمد علي عوني، ط2، بغداد 1961، ص166. بۆ ووردەکاری ئەم ڕووداوانە بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی ...، ل25- 28.

[38] شرفخان البدليسى، م. س، ص459؛ رحلة مطراقى زاده/ لنصوح افندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده (توفي بعد 957هـ)، ت: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ابوظبي 2003،

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارە میرنشینی سۆران لەم ماوەیەدا وەکو یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو نەماوەتەوەو هەر دەڤەرێك لەلایەن میرێکەوە بەڕێوەبردراوە. ئەمەش لەدابەشبوونە کارگێڕییەکانی عوسمانیدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە لەدەوروبەری ساڵی 1533دا (هەولێر) وەکو سنجەقێك و (هەریر ودوین)یش وەکو سنجەقێکی تر لەنێو ویلایەتی موسڵدا ئەژمارکراون.[39]

بەڵام ئەم هەڵومەرجە سەبارەت بە هەولێر زۆر درێژەی نەکێشا؛ چونکە دوای کوشتنی عززەدین شێری میری سۆران لەساڵی 1535دا، سوڵتان سلێمانی قانونی کارگێڕی ڕاستەوخۆی عوسمانی بەسەر هەولێردا سەپاند. سەرەڕای ئەمەش، بۆ ماوەی چەند ساڵێك هێشتا کەسانێکی کورد حوکمڕانی شارەکەیان دەکرد. چونکە هەر ئەو سوڵتانە کارگێڕی هەولێری بە (حوسێن بەگی داسنی) سپارد، کەمیرێکی کوردانی ئێزیدی بوو. بەڵام ئەم کارەی دوایی جێگەی ناڕەزایی خەڵکی دەڤەرەکە بوو. هەروەها میرانی بنەماڵەی سۆرانیش دەستبەرداری مافی بۆماوەیی خۆیان نەبوون. سەرەنجام ململانێ لەسەر هەولێر بەرپابوو، هەرچەندە دواجار میر سەیفەددینی سۆرانی بەیارمەتی خەڵکی میرنشینەکەی توانی شاری هەولێر بگرێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی نەیانهێشت ئەمەی بۆ بچێتەسەر و هەولێریان دووبارە داگیرکردەوە.[40] ئیتر کارگێڕی شارەکە بەکەسانێك سپێردرا کە حکومەتی ناوەندی عوسمانی دیاری دەکردن.

لێرەبەدوا هەلومەرج وپێگەی کارگێڕی هەولێر گۆڕانکاری بەسەردا هات ولەبارێکدا نەمایەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەساڵی 1542دا شارەکە بووەتە مەڵبەندی ویلایەتێکی

ص111؛ عباس العزاوی، تاريخ العراق بين احتلالين، شركة التجارة والطباعة المحدودة، مج4، بغداد 1949، ص43.

[39] على شاكر، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في اوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل 1992، ص114.

[40] شرفخان البدليسي، م. س، ص459-461؛ عباس العزاوی، تاريخ العراق...، مج4، ص43. لەتوێژینەوەیەکی پێشترمدا ووردەکاری ئەم ڕووداوانەم شرۆڤە کردووە، بڕوانە: د. سەعدی عوسمان هەروتی ، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران ودەولەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەمدا، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەولەتی (ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بەدەولەتبوون لە مێژووی کورددا 19-20 ئایاری 2016/ ڕواندز) هەولێر 2017، ل21- 23.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆی عوسمانی کە سێ سنجەق (اربیل/ هەولێر، باجوانلو، هەریرو دوین) لەخۆدەگرێ. ئەمەش لەدەفتەرێکی تاپۆی عوسمانی تایبەت بەم ویلایەتە بەدیاردەکەوێ، کە لەئەرشیفی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاپۆ وتۆماری خانوبەرە)ی ئەنقەرە بەژمارە (65) پارێزراوە.[41]

لەم زانیارییەی سەرەوەدا بۆمان بەدیاردەکەوێ کە تا ئەو دەمە هەولێر پێگەی شیاوی خۆی لەرژێمی کارگێری عوسمانیدا هەبووە. بەڵام نازانرێ لەبەرچی دواتر ئەم پێگەیەی لەدەستداوە. چونکە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای ساڵی 1545 دەگەڕێتەوە، واتە تەنیا سێ ساڵ لەدوای ناوهاتنی وەکو ویلایەت، هەولێر وەکو سنجەقێکی سەر بەویلایەتی بەغدا ناوی دەهێنرێ.[42]دواتریش تا کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی هەر سنجەقێك بووە لەنێوویلایەتەکانی دەوروبەردا، بەتایبەتی هەردوو ویلایەتی بەغداو شارەزوور،[43] هەندێ جاری دەگمەنیش سەر بە موسڵ بووە.[44] تەنانەت لەهەندێ باردا سەنگی کارگێڕی ئەوەندە دابەزیوە بەجۆرێك بووەتە پاشکۆی سنجەقی کۆیە لەنێو ویلایەتی شارەزووردا، بەگوتەی (نیبۆر)ی گەڕیدەی ئەڵمانی.[45] لەزۆربەی ئەو ماوەیەشدا سەردارانی عوسمانی شارەکەیان بەڕێوەبردووە، بۆیە (لیۆنهارت راوولف)ی گەڕیدەی هۆڵەندی کە لەساڵی 1574دا هاتۆتە هەولێر، دەڵێ فەرماندارێکی تورك دەسەڵاتداری شارەکەیە.[46]

---

(41) بڕوانە: خليل علي مراد، دفتر تحرير...، ص17- 18.

(42) بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن 10هـ 16م، مج1، استانبول 2010، ص294.

(43)Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964, S.18؛Halil sahillioglu, Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, Ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt. Liv, sayi: 211, 1990, s.1241, 1242, 1244, 1250.

(44)Halil sahillioglu, A. g. e, s.1238؛
علی شاكر، م. س، ص118؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کارگێڕی هەولێر لەم سەردەمەدا بڕوانە: مجموعة من أساتذة الجامعة، م. س، ص109- 123.

(45)بڕوانە: رحلةنيبور...، ص87.

(46) رحلة المشرق...، ص200.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدرعن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 - ISSN 2518-6566 (Online) (Print)

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەهەندێ ماوەی ئەو سەردەمەی کە پاشکۆی بەغدا بووە، هەولێر وەکو سنجەقێکی ئاسایی ئەژمار نەکراوە کە سنجەق بەگی هەبێت، بەڵکو لەلایەن والی بەغداوە (موتەسەللیم)[47]ێکی بۆ داندراوە. واتە ڕاستەوخۆ سەربە والی ناوبراو بووە، چونکە ئەو موتەسەللیمە لەجیاتی ئەو والییە کاروباری هەولێری بەڕێوەبردووە.[48]هەرچەندە هۆکاری ئەم هەڵومەرجە کارگێڕییە نائاساییە نازاندرێ، بەڵام لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ بایەخی هەولێر سەبارەت بە دەسەڵات و هەژمونی ویلایەتی بەغدا لەباشووری کوردستاندا.

دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر لەم ماوەیەدا هەندێ جار هەولێر کەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی کەسایەتی وقەوارە خۆماڵییەکان، بەتایبەتی میرانی هەردوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری سۆران و بابان؛ بۆ نمونە قۆچ پاشا کە میرێکی سەربە بنەماڵەی دەسەڵاتداری سۆرانە،[49]لەساڵی 1751 دادەسەڵاتداری شارەکە بوو.[50] هەرچەندە ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی باسی قۆچ پاشا دەکەن لەو سەردەمەدا، ڕاستەوخۆ ناڵێن ئەو سەرداری هەولێرە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەو لەو دەمەدا حوکمڕانی هەولێری کردووە. چونکە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەی سەلیم پاشا[51]لەم ساڵەدا کە ئەویش بەشداربوو تیایدا، گەڕاوەتەوە

---

(47) موتەسەللیم: ئەو کەسە بوو کە بەشێوەیەکی کاتی لەجێگەی والی دادەنیشت، کاتێك ئەم والییە بە هۆکارێکی دیاریکراو لەویلایەتەکەی نەدەما. هەروەها وەکو ناوی پۆستێکیش بەکاردەهات بۆ سەرداری ئەو ناوچە یان شارە سەرەکییانەی کەڕاستەوخۆ سەربە دەسەڵاتی ناوەندی ئیالەت یان ویلایەتەکان بوون، ئەمەش بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەوان بەنوێنەرایەتی والی حوکمڕانی دەکەن. بڕوانە: خليل علی مراد، العراق فی العهد العثماني الثاني/ دراسة فی الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية 1638- 1750، بيروت 2018، ص84- 85.

(48) بڕوانە: ياسين بن خيرالله الخطيب العمری ،غاية المرام في تأريخ محاسن بغداد دار السلام، دار منشورات البصري، مطبعة دار البصري، بغداد 1968، ص77، 198؛ هەروەها: كارستن نيبور، م. س، ص87- 88.

(49) د. سيار كوكب علي الجميل، حصار الموصل، الصراع الاقليمي واندحار نادر شاه، مطبعة الجمهور، ط1، موصل 1990، ص150.

(50) سعدی عثمان حسين، امارة بابان فی النصف الاول من القرن الثامن عشر، مؤسسة موكرياني، اربيل 2000، ص75.

(51) لەلاپەڕەکانی داهاتوودا باسی ئەم ڕاپەڕینە دەکەین.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەولێر و لەوێدا خۆی قایمکردووەو هەندێ فەرمانیشی بۆ دانیشتووانی شارەکە دەرکردووە.[52] هەروەها کاتێ والی بەغدا نامەی ئاگادارکردنەوەو هەڕەشە بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە دەنێرێ، هەولێریش یەکێك دەبێ لەم ناوچانە.[53]لەسەرێکی ترەوە، سەردەمانێك کەمیرنشینی بابان دەسەڵاتی فراوان دەبوو شاری هەولێریشی دەگرتەوە؛ وەکو سەردەمی میر سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا. ئەو میرە بابانیە کاتێ لەساڵی 1764دا دەسەڵاتی زۆر فراوان بوو، توانی شاری هەولێریش بخاتە نێو بازنەی دەسەڵاتی میرنشینەکەی. بێگومان ئەم هەنگاوەش لەسەر ڕەزامەندی والی بەغدا بوو،[54] کە لەم سەردەمەدا هەژمونی کارگێڕی – سیاسی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستاندا هەبوو.[55]

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە سۆرانییەکان خۆیان پێ لەپێشتر بوو بۆ حوکمڕانیکردنی هەولێر، چونکە لەڕووی جوگرافی و مێژووییەوە سەربە میرنشینی سۆران بوو. بۆیە محەمەد پاشای سۆران کە لەساڵی 1813دا دەسەڵاتی گرتەدەست،کاتێك هێزو تواناکانی میرنشینەکەی پەرەپێدا، نیازی گێڕانەوەی هەولێریشیهەبوو. بەڵام دەیویست بەڕێکەوتن بچێتە نێو ئەو شارە. دیارە خەڵکی هەولێریش خۆیان بە بەشێك لەمیرنشینی سۆران دادەنا، بۆیە زاناو پیاوماقوڵانی شارەکە بوونە یەك دەنگ و بەئەرێ وەڵامی میر محەمەدیان دایەوە. ئەویش لەڕەمەزانی 1238ك/ 1823ز بێ کۆسپ وتەگەرە هاتە نێو شارەکە، بەڵام بەسەختی توانی قەڵای هەولێر بگرێ،[56] کە دیارە هێزەکانی عوسمانی لەوێدا خۆیان قایمکردبوو.

---

(52) بۆ نمونە بڕوانە: رسول حاوى الكركوكلى، دوحة الوزراء في تأريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة كرم، بيروت(د.ت)، ص117؛ ياسين العمرى، زبدة الآثار...، ص107- 108.

(53) عباس العزاوى، تاريخ العراق بين احتلالين، مج 5، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد 1953، ص25.

(54) رسول الكركوكلى، م. س، ص135، 146.

(55) سعدى عثمان، كوردستان الجنوبيه...، ص123- 124.

(56)حسين حزنى موكريانى، مێژووی میرانی سۆران، چ2، چاپخانەی کوردستان، هەولێر 1962، ل57؛ لەبارەی فراوانخوازییەکانی میر محەمەد، بڕوانە: د. سعدي عثمان هروتى، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية، اربيل 2008، ص201- 204.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەئەنجامدا (یەعقوب ئاغا)ی سەرداری شارەکەش بەدیلگیرا، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە داندرابوو.[57]

بێگومان ئەم ڕووداوە بەلاپەڕەیەکی پڕشنگدار دادەنرێ لەمێژووی هەولێردا. هەروەها بووژانەوەیەکی تری خەڵکی شارەکە بوو کە دووبارە تامی دەسەڵاتی خۆماڵییان کردەوە. بەڵام ئەم دەسەڵاتە تەنیا نزیکەی (13) ساڵی خایاند، چونکە ئەم هەلومەرجە پەیوەست بوو بەهێزو دەسەڵاتی میرنشینی سۆران وفراوانبوونی لەم ماوەیەدا. بۆیە کاتێك دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەساڵی 1836دا تەنگیان بە محەمەد پاشای میری سۆران هەڵچنی، دوای بەرگرییەکی سەختی هێزە کوردییەکان، لەئابی ئەم ساڵەدا شاری هەولێریان داگیرکردەوەو دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییان تێدا دامەزراندەوە.[58]

لەبەرئەوەی بەر لەم پێشهاتانە هەولێر سەربە بەغدا بوو بۆیە (عەلی ڕەزا پاشا)ی والی بەغدا کە خۆشی بەشدار بوو لەم هێرشەدا، پێداگری کرد لەسەر گێڕانەوەی ئەم شارە بۆ ژێر هەژمونی کارگێڕی بەغدا.[59] کارەکە هەر بەوەندە نەوەستا و دواتر سەنگی کارگێڕی هەولێر زیاتر دابەزی. بۆیە لە یەکێك لە دابەشبوونە کارگێڕییەکاندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1266ك/ 1849-1850ز دەبینین کە جارێکی تر هەولێر کراوەتە پاشکۆی سنجەقی کۆیە لەویلایەتی لێکدراوی بەغداو شارەزووردا.[60]ئیتر تا کۆتایی سەردەمی عوسمانی هەولێر پێگەی (سنجەق)ی وەرنەگرتەوە.تەنیا ئەوە نەبێ کە دوای چەند ساڵێك لەڕووی پاشکۆیەتییەوە گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێ.

لەسەروبەندی چاکسازییە کارگێڕییەکانی دەولەتی عوسمانی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا ئەنجامدران، لەساڵی 1864دا یاسای ویلایەتەکان دەرچوو. لەئەنجامدا گۆڕانکاری بەسەر ناو و پێکهاتەی ئیالەتەکاندا هات و هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنیشیان چاکسازی تێداکرا.[61] لەم

---

[57] هادي رشيد الچاوشلي، تراث اربيل التاريخي، الموصل 1985، ص23.
[58] سعد بشير اسكندر، م. س، ص197؛ مجموعة من أساتذة الجامعة، م. س، ص109.
[59] مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل21.
[60] Halil sahillioglu, A. g. e, s.1252.
[61] لەم بارەیەوە بڕوانە: د. سيار كوكب علي الجميل، تكوين العرب الحديث (1516- 1916)، ط1، موصل 1991، ص348- 350.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەیەدا کارگێڕی هەولێریش گۆڕانکاری بەخۆوە بینی؛ لەدابەشبوونێکی کارگێڕیدا کە ساڵی1284ك/ 1867- 1868ز تۆمارکراوە، ئەمجارەیان هەر یەکە لەهەولێر و کۆیە وەکو قەزایەکی سەر بە لیوای شارەزوور دەردەکەون لەنێو ویلایەتی بەغدا دا.[62]بەڵام لەساڵی 1879دا کاتێکسەرلەنوێ ویلایەتی موسڵ پێکهێنرایەوەو سنجەقەکانی (موسڵ، شارەزوور/ کەرکوك، سلێمانی)پێیوەگرێدرا، هەولێر کرایە قەزایەك لەنێو سنجەقی شارەزووری سەربەم ویلایەتە.[63] ئەم قەزایەش (قائمقام)ێك بەڕێوەی دەبرد ودوو ناحیەی ئاسایی هەبوو کە بریتی بوون لە (سوڵتانیە و دزەیی)،لەپاڵ ناحیەی(شەمامك) کە بارودۆخێکی تایبەتی هەبوو بەوپێیەی بەشی هەرەزۆری زەوی وزاری تایبەتی سوڵتان بوو.[64]ئەم هەڵومەرجە کارگێڕییەی هەولێر تا بەکۆتاهاتنی سەردەمی عوسمانی هەر بەردەوام بوو.[65]

## دووەم: سەنگی ستراتیژی وئابووری هەولێر:

لەسەردەمی عوسمانیدا چەند ڕێگایەکی بازرگانی گرنگ بەهەولێردا تێدەپەڕین، بەتایبەتی ڕێگای ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کە ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان بوو لەنێوان بەغداو موسڵدا. گەڕیدەیەك لەساڵی 1820دا ئاماژە بەوە دەکات کە کاروانە بازرگانییەکان لەئامێدی وجزیرەو موسڵەوە بەرەو هەولێر دەهاتن و لەوێوەشەوە بۆ کەرکوك وشارەزوور وبەغدا دەچوون، هەروەها بەپێچەوانەش.[66]هەولێر هەندێ ڕێگای تریشی لێدەبۆوە بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران، وەکو ڕێگای هەولێر- ڕەواندز- ورمێ

[62]Halil sahillioglu,A. g. e, s.1253.

[63]ستيفن همسلي لونكريك، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ط5، دار الرافدين، بيروت 2004، ص376؛ هەروەها بڕوانە: شمس الدين سامي: قاموس الاعلام، مج 3، مهران مطبعة سى، استانبول 1306 رومي /1891م، ص2888.

[64] سالنامەء ولايت موصل 1308هـ، ص59، 95، 130- 131؛جبار قادر، م. س، ص281.

[65] موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، ص70، 274، 281؛سهيل قاشا، الموصل فى القرن التاسع عشر/ دراسة سياسية 1834- 1909، بيروت 2010، ص69- 71.

[66] كلوديوس ريج، م. س، ص62.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وتەورێز. هەروەها هەولێر- کۆیە- پشدەر و لەوێشەوە لەسنووری ئێران دەیەڕینەوە. هەر ئەم ڕێگای ڕۆژهەڵاتی دیجلەیەش لەموسڵەوە بۆ ئەنادۆڵ و شام و لەبەغداوە بۆ بەسرا درێژدەبۆوە.[67]

لەڕووی ستراتیژی سەربازیشەوە، هەولێر سەرەڕێی لەشکری عوسمانی بوو بەرەو بەغدا؛ بۆ نمونە سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانی (1623- 1640) کاتێ لەساڵی 1638دا هەڵمەتێکی گەورەی ئامادەکرد بۆ گرتنەوەی بەغدا بەنزیك هەولێردا تیپەڕی، بەدیاریکراوی بەگوندی پیرداود کە لەنزیك هەولێرە.[68] بەپێچەوانەشەوە، هەولێر سەرەڕێی لەشکرکێشییەکانی بەغدا بوو بەرەو موسڵ و ناوچەکانی باکوور، لەوانە: هەڵمەتی والی بەغدا سلێمان پاشای بچووك (1808- 1810) بۆ موسڵ لەساڵی 1809دا. هەروەها هێرشەکەی عەبدوڵلا پاشای والی بەغدا (1810- 1813) لەساڵی 1812دا دژی والی موسڵ سەعدوڵلا پاشای جەلیلی.[69]

شایانی باسە هەر ئەم هەڵکەوتەیەی هەولێر وایکردبوو کە بکەوێتە سەر ڕێگەی پۆستەی نێوان بەغدا و پایتەختی دەولەتی عوسمانی.[70] لێرەشدا مەبەست پۆستەی فەرمی دەولەتە کە بۆ لایەنی کارگێڕی بایەخێکی بەرچاوی هەبوو لەو سەردەمەدا.

دیارە ئەم پێگە ستراتیژی وئابوورییەی هەولێر وایکردبوو کە شارەکە خۆشی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەپرۆسەی بازرگانیدا هەبێ. چونکە سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە هەولێر بێجگە لەوەی سەرەڕێی کاروانە بازرگانییەکان بوو، هەندێ جاریش خاڵی دەستپێکی ئەو کاروانانە بوو؛ وەکو ئەو کاروانەی کە (ڕاوولف)ی گەڕیدەی هۆڵەندی بینی کە لەهەولێر دەردەچوو بەرەو حەلەب بەڕێگای موسڵ-

---

[67] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سعدی عثمان، كوردستان الجنوبية...، ص350- 359.
[68]Halil Sahillioglu, Dorduncu Muradin Bagdat seferi Menzilnamesi (Bagdat seferi Harp Jurnali) Belgeler: Turk Tarih Belgeleri Dergisi, cilt: X111, sayi 17 dem ayribasim, Ankara 1988, S. 25-27
العزاوی، تاريخ العراق...، مج 4، ص213- 214
[69] مجموعة من أساتذة الجامعة، م. س، ص108.
[70] موصل ولايتى سالنامهء رسميسيدر 1330، ص277.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

دیاربەکر. بۆ ئەوەی لەویٚ کاڵاکانی بفرۆشێتە ئەو بازرگانانەی کە دەیانگواستەوە بۆ ئەوروپا.[71] هەروەها (ڕیچ)ی ئینگلیزیش لەڕێگایدا بەرەو هەولێر، کاروانێکی بازرگانی بەرچاوکەوت کە کاڵای بۆ بەغدا دەبرد.[72]

بێگومان هەر لەم ڕێگەیەوە بازرگانانی هەولێر توانیبوویان ڕایەڵەی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ شارو ناوچەکانی تر ببەستن. سەبارەت بەم لایەنە، مێژوونووسی موسڵی (یاسین ئەلعومەری) باسی ئەوە دەکات کە بازرگانانی هەولێر خۆیان بەکاڵاکانی شارەکەیان مامەڵەی بازرگانییان لەگەڵ موسڵدا دەکرد. سامانێکی زۆریشیان لەم بازرگانییەوە دەستکەوت کاتێك لەساڵی 1785دا موسڵ تووشی قاتوقڕی بۆوە.[73] لەنێو بازرگانانی ئەو سەردەمەی هەولێردا کەسێکیان بەدەوڵەمەندی وسامانە زۆرەکەی ناوبانگی پەیداکردبوو، ئەویش (عەبدوڵلا ئاغای ئەربیللی) بوو. بەڵام ئەم ناوبانگە بەختێکی باشی بۆ نەهێناوەو بووەتە جێگەی چاوتێبڕینی دەسەڵاتدارانی دەولەت. چونکە لەساڵی 1791دا سلێمان پاشای مەزنی والی بەغدا (1780- 1802) ڕقی لێهەڵدەگرێ و دەست بەسەر بڕێکی زۆر لەکاڵاکانی دادەگرێ کە بایی (40) هەزار قرش دەبوو، لەگەڵ هەندێ لەگوندەکانی.[74]

هەر پەیوەست بە تەنگژە ئابوورییەکان، تێبینی دەکەین کە زۆرجار شاری هەولێر و دانیشتووانەکەی بەهانای شارو ناوچەکانی ترەوە هاتوون، کاتێ تووشی نەهامەتی و تەنگژەی ئابووری بوون؛ ئەوەتا لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 21ی موحەرەمی 979ك/ 1571ز فەرمان بەقازی هەولێر کراوە بۆ کڕینی ئازوقەو دانەوێڵە لەناوچەکانی لیوای هەولێر بەنرخی خۆی، بۆ ئەوەی بدرێ بەپیاوانی والی شارەزوور، چونکە مەڵبەندی ئەم ویلایەتە تووشی تەنگژەو کەمی ئازووقە بووەو والی ناوبراویش هاواری بۆ ئەستانبول بردووە. هەرچەندە لەفەرمانەکەدا هەڕەشەکراوە

---

[71] رحلة المشرق...، ص201.

[72] رحلة ريج، ص32.

[73] غاية المرام...، ص 77.

[74] ياسين بن خيرالله الخطيب العمرى ،غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، مطبعة أم الربيعين، الموصل 1940، ص27.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ستەم لەخەڵکی هەولێر نەکرێ و ناچاری کارێك نەکرێن کە نایانەوێ بیکەن.[75] بەڵام نازانرێ ئایا لەم شوێنە دوورەدەستە فەرمانەکەی سوڵتان وەکو خۆی جێبەجێ کراوە یان نا. چونکە زانیاریمان لەبارەی دیوەکەی تری پێشهاتەکە نیە کە دیوی دانیشتووانی هەولێرە.

کاتێك لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە چەندین نمونەی تری لەم جۆرە دەبینین، کە بەهۆی بەروبوومەکانی هەولێر تەنگژەی ئابووری لەسەر شارو ناوچەکانی دەوروبەر سووککراوە؛ بۆ نمونە لەساڵی 1786دا کاتێك برسێتی تەنگی بەموسڵ هەڵچنی و شارەکە تووشی قاتوقڕی بوو، مێژوونووسێکی هاوچەرخی خەڵکی موسڵ دەنووسێ: "ئەگەر خودا چاکەی لەگەڵ ئێمە نەکردبایە بەوەی کە لەووڵاتی شارەزوور وناوچەکانی هەولێر ودەوروبەری چیاکانەوە بۆ ئێمە دەهات، خەڵکانێك لەناودەچوون".[76] بەهەمان شێوە هەولێرو دەوروبەری سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییانەی کە ویلایەتی بەغدا پێویستی بوو. تەنانەت ساڵنامەیەکی عوسمانی سەبارەت بەهەولێر دەڵێ: "لەگەڵ موسڵ کۆگەی ئازووقەن بۆ بەغدا".[77]

بێگومان ئەم ڕووداوانەی پێشوو گەواهی ئاشکران لەسەر دەوڵەمەندی هەولێر بە بەرهەمە ئابوورییەکانی، بەتایبەتی بەروبوومی کشتوکاڵی وسروشتی. کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی و بەپیتی خاکەکەی، هەروەها گونجاوی ئاووهەواکەی.[78]

هەر پەیوەست بەچالاکییە ئابوورییەکان جێگەی تێبینییە کە لەم ماوەیەدا کاڵایەکی زۆر گرنگ لەهەولێردا بەرهەمهێنراوە، ئەویش ئاوریشمە. بەپێی هەندێ سەرچاوە لەو سەردەمەدا پەروەردەکردنی کرمی ئاوڕیشم وبەرهەمهێنانی ئاوڕیشم لەباشووری کوردستاندا بڵاوبووە. [79] دیارە هەولێریش

---

(75) بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، منشورات وزارة الثقافة، اربيل 2008، ص64.

(76) محمد أمين بن خيرالله الخطيب العمرى، منهل الاولياء ومشـرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، ج1، تحقيق: سعيد الديوه جي، مطبعة الجمهورية، الموصل 1967، ص194.

(77) موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، ص280.

(78) هـ. س، ص277، 280.

(79) كارستن نيبور، م. س، ص74.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

هاوشانی هەندێ ناوچەی تر، لەم بواردا ئاماژەی بۆدەکرێ.[80] تەنانەت لەسامانی ئاژەڵیشدا هەولێر دەستێکی باڵای هەبوو؛ بۆ نمونە کەسێکی ئەو شارە لەحوزەیرانی 1743 دا بە (ژان ئۆتەر)ی گەڕیدەی فەرەنسی گوتووە کە ئێرانییەکان لەمانگی ڕابردوودا (4000) ئەسپی ڕەسەنی ئەم ناوچەیان کڕیوە.[81]

### سێیەم: ڕۆڵی شەرافەتمەندانەی دەسەڵاتدارانی هەولێر

شاری هەولێر هەرچەندە لەزۆربەی ماوەکانی سەردەمی عوسمانیدا،لەڕووی ئاوەدانی و هەروەها پێگەی کارگێڕیدا لەئاستێکی ئەوتۆ دانەبوو بەبەراوورد بە شارە گەورەکانی ناوچەکە (وەکو بەغدا و موسڵ و کەرکوك)، بەڵام بەپێی سەنگی خۆی نەخشی لەپێشهاتەکاندا هەبوو. بۆیە بەرپرس و دەسەڵاتدارەکانی شارەکە لەزۆر ڕووداودا ڕۆڵ وکاریگەری خۆیان هەبوو. بۆ نمونە لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەمدا هەندێ بەرپرس و دەسەڵاتداری هەولێر ڕۆڵی گرنگیان پێدراوە لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناوچەکە. ئەوەتا کاتێك لەساڵی 984ك/ 1576ز کێشەو دوژمنکاری لەنێوان هەردوو میری لیواکانی (ئۆشنی= شنۆ) و(لاجان) پەیدابوو، سوڵتانی عوسمانی فەرمانیدا کە قازی هەولێر لەنێو ئەو لیژنەیەدا کاربکات کە لێکۆڵینەوە لەکێشەکەدا دەکات. سێ ساڵ دواتر هەر خودی سوڵتان قازی هەولێر ڕادەسپێرێ کە لەگەڵ والی شارەزووردا کاربکات بۆ دەستگیرکردنی گروپێکی چەتە کە لەسەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان ڕێگری وتاڵانیان دەکرد.[82]

هەندێ لەسەردارانی هەولێریش ڕۆڵی هاوشێوەیان بینیوەو دەستیان هەبووە لەسەقامگیرکردنی ئاسایش لەناوچەکەدا. بۆ نمونە لەساڵی 990ك/ 1581زدا (ئەحمەد بەگ)ی میری

[80] اولیفییە، م. س، ص177؛ هەروەها بڕوانە: جعفر الخیاط، م. س، ص41؛ کلودیوس ریج، م. س، ص305.

[81] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر...، ل98. سەیر ئەوەیە کە لەمانگی دواتردا هەر بەم ئەسپانە نادرشا هێرشێکی بەرفراوانی کردۆتە سەر هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دەولەتی عوسمانی وهەولێریشی لەگەڵ چەندین ناوچەو شاری تردا گرتووەو تاڵانکردووە. بۆ ووردەکاری ئەم هێرشە بەرفراوانە بڕوانە: سعدی عثمان، کوردستان الجنوبیة...، ص 311- 316.

[82] بڕوانە دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەم بارەیەوە لە: عماد عبدالسلام، دراسات وثائقیة...، ص65-66.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لیوای هەولێر لەڕاپۆرتێکدا بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێ کە سەرداری کۆیە (میر سەیفەددینی سۆرانی) برایەکی هەیە بەناوی (کلابی= گولابی). ئەم برایە کە گروپێکی چەتەی لەخۆ کۆکردۆتەوەو دزی وڕێگری دەکات، دەستدرێژییەکانی گەیشتۆتە هەولێر. بۆیە داوای مۆڵەت لەسوڵتان دەکات تا هێرش بکاتە سەری و لەناوی ببات. بەڵام سوڵتان فەرمان بەوالی شارەزوور دەکات کە ئەم چەتەو رێگرانە دەستگیر بکات و بیانداتە دادگا. دیارە گومانیشی لەڕاستی مەسەلەکە هەیە، بۆیە داوادەکات کە دادگاییەکە بەدروستی بەرێوەبچێت و دووربێ لەهەر نیازو مەبەستێکی خراپ.[83]

یەکێکی تر لەلاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی هەولێر، بەشداریکردنی سەرداری ئەم شارەیە لەڕاپەڕینێك بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەباشووری کوردستان. ئەمەش کاتێك بوو کە (قۆچ پاشا)ی سەرداری هەولێر کە پێشتر ناومان هێناوە، لەگەڵ عوسمان پاشای برای کە سەرداری کۆیە بوو، بوونە هاوپەیمانی سەلیم پاشای بابان و بەیەکەوە ڕاپەڕینێکی بەرفراوانیان لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا بەرپاکرد. هێزی هاوبەشی ڕاپەڕیوان چەندین ناوچەیان ڕزگارکرد و لەباشوورەوە بەرەو زەنگاباد و تەنانەت تا نزیك بەغدا پێشڕەوییان کرد.[84] کاتێکیش ئەم ڕاپەڕینە لەساڵی 1751دا لەلایەن والی بەغدا سەرکوتکرا، قۆچ پاشای سەرداری هەولێر وەکو هەندێ لەسەرکردەکانی تری ڕاپەڕینەکە پەنایان نەبردەبەر ئێران، بەڵکو بەرەو بارەگای خۆی گەڕایەوەو خۆی لەقەڵای هەولێردا قایمکرد.[85]هەرچەندە دوای ئابلوقەدانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، ئەم قەڵایەش کەوتەدەست هێزەکانی بەغدا، بەڵام قۆچ پاشا و هەندێ لەجەنگاوەرانی تا مردن شەڕیانکرد و خۆیان بەدەستەوەنەدا.[86]

جێگەی سەرنجە، هەر ئەم قۆچ پاشایە پێشتر کە سەرداری کۆیە بوو، بەخۆی و (500) سوارەوە ڕۆڵێکی پاڵەوانانەی لەشەڕی بەرگریکردن لە شاری موسڵ هەبوو. کاتێ ئەم شارە لەساڵی 1743 لەلایەن

---

(83) بڕوانە دەقی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە: م. ن، ص213- 214.

(84) رسول الكركوكلی، م. س، ص117؛ ياسين العمری، زبدة الآثار...، ص107.

(85) رسول الكركوكلی، م. س ، ص117.

(86)بۆ وەستان بەووردی لەسەر ئەم ڕووداوانە بڕوانە: سعدی عثمان، امارة بابان...، ص55- 58.

لەشکری نادرشای ئەفشاری هێرشی کرایە سەر و ئابلوقە درا.[87]دیارە کەسایەتییەکەی و ئەم هەڵوێستانەشی بوونەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ناوی قۆچ پاشا لەیادەوەری خەڵکی هەولێردا هەر بمێنێ. بۆیە ئەگەر باسی کەسێکی سەنگین و ئازا بکەن دەڵێن: "وەکو قۆچ پاشایە".[88]

### چوارەم: هەڵوێستی خەڵکی هەولێر لەهەندێ پێشهاتدا

یەکێك لەنیشانەکانی زیندوویی هەر گروپێکی دانیشتووان ئەوەیە کە هەڵوێستی ئەرێنی هەبێ بەرامبەر ستەمکاریی دەسەڵاتداران. بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو دەبینین ئەم نیشانەیە لای خەڵکی هەولێریش بەرجەستە دەبێ؛ بۆ نمونەلە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی 973ك/ 1565- 1566زدا باسی ئەوەکراوە کە کەسانێکی خەڵکی هەولێر سکاڵانامەیەکیان لەدژی (بەکر بەگ)ی میری لیواکەیان بەرزکردۆتەوە بۆ سوڵتانی عوسمانیسلێمانی قانونی (1520- 1566ز). لەو سکاڵانامەیەدا باسی ئەوەیان کردووە کە ناوبراو "ستەم لە خەڵکی دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر مافەکانیان، هەروەها کردارگەلێکی دژ بەشەرعی پیرۆز دەکات". بێگومان ئەو کەسانە خۆیان چوونەتە ئەستانبول و سکاڵانامەکەیان داوەتە بەرپرسان. سوڵتانیش چەند بەرپرسێکی ڕاسپاردووە کە لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکەن. دیارە مەسەلەکەشی بەگرنگ وەرگرتووە چونکە بێجگە لە قازی هەولێر، قازی بەغداو تەنانەت خودی والی بەغداشی بۆ ئەم کارە ڕاسپاردووە. بەڵام بەڵگەنامەیەکی دواتر داوای لێکۆڵینەوە لەکەسانێکی خەڵکی هەولێر دەکات، کە گوایا بە ناڕاست تاوانیان داوەتەپاڵ بەرپرسان وسکاڵایان لەدژیان پێشکەشکردووە. هەر تەنیا بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەندێ پارەیان لەم بەرپرسانە دەستکەوێ.[89]

کەواتە پێناچێ دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەبەرژەوەندی خەڵکی هەولێر بووبێ. لەوانەیە ئەمەش بەهۆی ئەوە بووبێ کە لێکۆڵەران لەجیاتی بەهەند وەرگرتنی بەرژەوەندی خەڵکی ئاسایی و

---

[87] محمد أمين العمري، م. س، ص152؛ ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، منية الادباء في تأريخ الموصل الحدباء، تحقيق ونشر: سعيد الديوه جي، مطبعة الهدف، الموصل 1955؛ بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سعدى عثمان، كوردستان الجنوبيه...، ص315.

[88] من ئەم گوتەیەم لەخاڵم گوێ لیبوو، کە هیچ شارەزاییەکی لەمێژوودا نیە کەچی ناوی قۆچ پاشا دەهێنێ.

[89] عماد عبدالسلام، دراسات وثائقية...، ص60-62.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەپاندنی دادپەروەری، لایەنگیری (بەکر بەگ)ی میری لیوای هەولێریان کردووە کە وەکو خۆیان دەسەڵاتداریکی عوسمانییە. یان ناوبراو کاریگەری کردۆتە سەر ڕەوتی لێکۆلینەوەکان.

نمونەیەکی تریشمان لەسەر وەستانەوەی خەڵکی هەولێر لەدژی ستەمکاران هەیە. بەڵام دیارە بەهۆی لاسەنگی تەرازووی دادوەری، ئەمجارەش ئاکامەکەی لەوەی پێشوو باشتر نابێ؛ ئەوەبوو کە لەکۆتایی سەدەی هەژدەمدا، ستەم وزۆرداریی محەمەد ئاغای موتەسەللیمی هەولێر وای لەدانیشتووانی شارەکە کرد کە لەدژی ڕاپەڕن وشاربەدەری بکەن، دواتر شاندێك لەپیاوماقوڵانی هەولێر ڕوویان لەبەغدا کرد بۆ سکاڵاکردن لای والی وڕوونکردنەوەی هەڵوێستیان. بەڵام لەجیاتی دەستخۆشی، والی فەرمانی دوورخستنەوەی دان بۆ بەسرا.[90]

سەرباری ئەمانەش، هەندێ جاری تر بۆچوون وهەڵوێستی خەڵکی هەولێر لەهەمبەر دەسەڵاتدارانی شارەکەیان بەهەند وەرگیراوەو بەرپرسانی باڵای عوسمانی ڕەزامەندی ئەوانیان بەلاوە گرنگ بووە؛ بۆ نمونە لەسەرەتای سەدەی هەژدەمدا کەسێك بەناوی (محەمەد بەگ) حوکمڕانی هەولێری کردووەو لەسەر ڕەزامەندی خەڵکی شارەکە لەپایەکەی هێڵرایتەوە. بەپێچەوانەی ئەویش، (خضر بەگ) کە لەساڵی 1721دا بە ڕاسپاردەی والی شارەزوور کرابووە سەرداری هەولێر، لەساڵی 1725دا لەپۆستەکەی لادرا، چونکە لەکارەکەی سەرکەوتوو نەبوو هەروەها خەڵکەکەش سکاڵایان لێی هەبوو.[91]

هەر سەبارەت بە هەڵوێستی خەڵکی هەولێر، دەبینین لەو دەمانەی کەڕووبەڕووی شاڵاوی داگیرکاری بیانی دەبنەوە، وابەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن وئەوەندەی پێیان بکرێ بەرگری لەشارەکەیان دەکەن. بۆ نمونە کاتێك قۆچ پاشا دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی سەلیم پاشا لەساڵی 1751دا خۆی لەقەڵای هەولێردا قایمکرد، وەکو پێشتر باسمانکرد. والی بەغدا کە بە سەربازانی ئابڵوقەی شارەکەی دابوو، نامەیەکی بۆ زانایان وپیاوماقوڵانی هەولێر هەناردو داوای لێکردن قۆچ پاشا بدەنەدەست. لەوەش دڵنیای کردنەوە کە گیانی پارێزراو دەبێ ئەگەر خۆی بەدەستەوەبدا. بەڵام ئەوان هەڵوێستێکی

(90) یاسین العمری، غاية المرام...، ص198.
(91)مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص111.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوامێرانەیان نواند وئەم سازشەیان ڕەتکردەوە.[92] بەڵام لەهەندێ باردا کەشاڵاوەکە زۆر توندو کاریگەر بووە ولەشکری هێرشبەریش زۆر فرەو بەتوانا بووە. لەهەڵومەرجێکی وەهادا نەیانتوانیوە درێژە بە بەرگری بدەن ؛ وەکو شاڵاوە بەرفراوانەکەی نادرشای ئەفشاری (1736- 1747) بۆ دەولەتی عوسمانی لەساڵی 1743دا، کەزۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە. خەڵکی هەولێریش کاتێ تووشی ئاگربارانی تۆپەکانی نادرشا بوون، بەناچاری دەروازەی شارەکەیان کردەوە.[93] سەرەنجام "زۆربەی خەڵکی شار کوژران وئافرەت ومنداڵ بەتاڵان بردران..." وەکو مێژوونووسێك بۆمان دەگێڕێتەوە.[94]

لەلایەکی تر دەبینین کە خەڵکی هەولێر زۆرجار پێشوازییان لەهێزە خۆماڵییەکان کردووە، کاتێ ویستوویانە شارەکە بگرن؛بۆ نمونەلەسەروبەندی فراوانخوازییەکانی میر محەمەدی گەورەی سۆراندا، پیاوماقوڵانی شارەکە "بەهۆگری وەڵامیان دا بەمیر و بۆ هاتنە هەولێریان ناردەدوی" هەروەکو (موکریانی) وادەڵێ.[95]بەپێی گوتەی گەڕیدەیەکیش بێ کە لەو سەردەمەدا هاتۆتە ناوچەکە، "دەستگرتنیان بەسەر هەولێر تەنیا کاژێرێکی خایاندووە".[96]بەڵام دوای شەڕێکی بەهێز ئینجا لەشکری عوسمانی لەسالی 1836دا توانی بەسەر بەرگری هێزە کوردییەکاندا زاڵبێ وشارەکە داگیربکاتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا عەلی ڕەزا پاشای والی بەغدا (1831-1842) کە سەرکردەی لەشکری عوسمانی بوو،

---

[92] عباس العزاوی، تاريخ العراق بين احتلالين، مج 6، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد 1954، ص27. مێژوونوسێکی تر باسی ئەوە دەکا کە هەندێ خەڵکی هەولێر دواتر گوێڕایەڵی والی بەغدایان کردووەو سەربازانی بەغدایان هێناوەتە ناو هەولێر (یاسین العمری، زبدة الاثار...، ص108). ئەگەر ئەم زانیارییە ڕاستیش بێ ئەوا وەك دیارە تەنیا چەند کەسانێك ئەو کارەیان کردووەو لەگەڵ کۆی گشتی خەڵکی شارەکەو ڕای پیاوماقوڵان نەبوون.

[93] میرزا مهدی خان استرا بادی، دره نادره، تصحيح: میرزا عبدالوهاب، شیراز 1271هـ، ص288؛ L. Lockhart, Nadir Shah/ A critical Study Based Mainly upon contemporary Sources, London1938, p.229.

[94] یاسین العمری، زبدة الاثار...، ص101.

[95]حسين حزنی موکریانی، س. پ، ل57.

[96] جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد في 1834، ت: جعفر الخياط، ط1، مطبعة المعارف، بغداد 1964، ص20.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرامبەر تەسلیم بوونیان بەڵێنی زامنکردنی گیانی بەرگریکارانی دابوو، بەڵام بەڵێنەکەی خۆی پێشێلکرد کاتێ (400) کەسی لەو بەرگریکارانە لەناو قەڵای هەولێردا کوشت. هەروەها هەندێ خەڵکی شارەکەش لەسەر دەستی لەشکری عوسمانی تووشی ڕەشەکوژی هاتن. زۆری نەبرد پەتای (تاعون)یش شارەکەی گرتەوەو کارەساتەکەی گەورەتر کرد.[97] لەو کاتەوە هەولێر بەتەواوی کەوتە دەست دەولەتی عوسمانی تا هاتنی هێزەکانی بریتانیا لەساڵی 1918.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا کە میرنشینە کوردییەکان لەناوبرابوون و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی بەسەر کوردستاندا سەپابوو، چەندین شۆڕش وراپەڕین لەناوچە جیاجیاکانی ئەم وولاتە بەرپابوون؛ یەکێك لەگرنگترین ئەو شۆڕشانە شۆڕشەکەی ساڵانی 1879- 1881 بوو بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.[98]هەرچەندە مەڵبەندی شۆڕشەکە لەباکووری کوردستان بوو هەروەها بەفراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتبووە، بەڵام باشووری کوردستان ولەنێویشیدا هەولێر بەدەرنەبوو لەم شۆڕشە؛ چونکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرەنسی کە ساڵی 1879 نووسراوە، شۆڕشەکە لەدەڤەری بادینانەوە تا ڕەواندز وکەرکوك فراوان ببوو،[99] کەواتە هەولێریشی لەگەڵدابووە. لەڕاستیدا هەولێر دواتر ڕۆڵی زیاتری بینیوە؛ بەگوێرەی نامەیەکی خودی شێخ عوبەیدوڵڵا، ئەم شارە لەساڵی 1881دا بووەتە شوێنی کۆبوونەوەیەکی کوڕانی شێخ (شێخ عەبدولقادر وشێخ محەمەد سدیق) لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکەو خەڵکی شارەکە. لەو کۆبوونەوەیەدا هەمووان پشتیوانییان بۆ شۆڕشەکە دەربڕیوەو تەلیگرافێکیشیان سوڵتانی عوسمانی لێداوەو داوای پشتیوانییان لێکردووە بۆ ئەو شۆڕشە کە لەو دەمەدا دژی دەولەتی قاجاری بوو.[100] دیارە بەرپرسانی دەولەتی قاجاریش ئاگاداری ئەم پێشهاتانە

---

[97] سعد بشير اسكندر، م. س،ص197- 198.
[98] لەبارەی ئەم شۆڕشە بڕوانە: د. جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، و: د. کاوس قەفتان، بەغدا 1987.
[99] بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: نەجاتی عەبدوڵڵا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا 1879- 1882، سلێمانی 2004، ل42.
[100] بڕوانە دەقی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە: محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (1880) لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، هەولێر 2000، ل234-236.

**مجلة قەڵاى زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوون؛ بۆیە بنکەیەکی هەواڵنێرییان لەهەولێریش داناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جموجووڵەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و پەرەسەندنەکانی شۆڕشەکە.[101]

لەسەردەمی ئیتیحادیەکانیشدا[102] (1908- 1918)، کاتێك خەڵکی هەولێر هەستیان بەسیاسەتی توندو ڕەگەزپەرستانەی ئیتیحادییەکان کرد، زۆربەیان لەم بارودۆخە ناڕازی بوون. بۆیە ئامادە بوون بەشداری جووڵانەوەکانی دژ بە حکومەتی ئیتیحادییەکان بکەن،بەتایبەتی ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزان.[103]ئەوەتا سەرکردەی سەربازیی ڕاپەڕینەکە کەسایەتییەکی هەولێری بوو بەناوی (مستەفا هەولێری)، کە ئەویش (مستەفا یاسین نەجار)ـە.[104] هەروەها (ئەحمەد حەیدەری)کە ئەویش خەڵکی هەولێر بوو، ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شێخ عەبدولسەلام و شێخ مەحمود بوو.[105]

لەهەندێ باری تردا هەڵوێست وهەنگاوەکانی خەڵکی هەولێر هاوتەریب بوو لەگەڵ سیاسەت وبەرژەوەندییەکانی دەولەتی عوسمانی، ئەگەرچی لەچوارچێوەی خزمەتی ووڵات وشارەکەیاندا بووە؛ بۆ نمونەکاتێك هێزەکانی ڕوسیا لەئایاری ساڵی 1916دا ڕواندزیان داگیرکرد وکوشتارو کاولکارییان تێداکرد، خەڵکی هەولێر و هۆزەکانی لەگەڵ لەشکری عوسمانی دژی هێزەکانی ڕوسیا وەستان.[106] دەگوترێ کە

---

(101) بڕوانە: هـ. س، ل225.

(102) سەربە کۆمەڵەی (ئیتیحاد وتەرەقی) بوون کە لەساڵی 1889دا دامەزرابوو. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە کە بانگەوازیان بۆ حوکمی دەستوری دەکرد، لەساڵی 1908دا کودەتایەکیان بەسەر سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم)ی عوسمانیدا کردو دەستوریان خستەوە کار. بەڵام دواتر حوکمێکی تاکڕەوی توندوتیژیان لەدەولەتدا پیادەکرد، بەتایبەتی کاتێك لەساڵی 1909دا بەسەر دژەکودەتاکەی سوڵتاندا زاڵبوون و بەتەواوی دەستیان بەسەر حوکمدا گرت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أحمد عبدالرحيم مصطفى، في اصول التاريخ العثماني، ط 3، دار الشروق، القاهرة 2003، ص263 ومابعدها.

(103) لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: كاميران عبدالصمد احمد الدوسكي، بهدينان في اواخر العهد العثماني (1876-1914)/ دراسة تاريخية، اربيل 2007، ص137- 181.

(104) د. اسماعيل شكر رسول، اربيل/ دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي 1939- 1958، ط2، السليمانية 2005، ص29؛ مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص142.

(105) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل 25.

(106)سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914 – 1926، مؤسسة موكرياني، اربيل 2001، ص49- 50.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 - ISSN 2518-6566 (Online) (Print)

شێخ سالح (کە لەشێخانی سەر بەتەریقەتی قادری بوو) لە هەولێرەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە موریدانی بۆ شەڕی ڕووسەکان چووە.[107] یەکێکی تریش لەپیاوماقوڵانی هەولێر کە ئەحمەد پاشای دزەیی بوو هێزێکی لەخەڵکی شارەکە پێکهێناوەو لەدژی سوپای ڕوسیا لەبەرەی ڕواندز جەنگاوە. ئەمەش دوای ئەوەبووە کە فەرماندەی لەشکری شەشەمی عوسمانی (ئیحسان پاشا)، بەخۆی هاتووە بۆ هەولێر وداوای خۆبەخشین وکۆمەکی لەپیاوماقوڵانی شارەکە کردووە.[108] بەڵام گومان لەوەدا نیە کە کردەوە نارەواکانی ڕوسەکان لەڕواندز ودەستدرێژی کردنیان بۆ سەر دانیشتووان،[109] هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەم هەڵوێستەی خەڵکی هەولێر. چونکە بێجگە لەویژدانی مرۆڤایەتی وهزری نەتەوەیی، هەستی ئایینیەوانیشی بەتوندی وروژاندووە.

بەڵام دەبێ دان بەوەش دابنێین کە هەندێ جار بەشداریکردنی هەولێر لەکردە سەربازییەکانی دەولەتی عوسمانی، هیچ بەرژەوەندییەکی خەڵکەکە و شارەکەیانی تێدا نەبووە؛ وەکو بەشداربوونی لەهەڵمەتێکی ئیالەتی بەغدا بۆ سەر هەندێ هۆزی عەرەبی لەساڵی 1805ز دا.[110] بەڵام ئاشکرایە کە ئەم جۆرە بەشدارییانە بەویست وئارەزووی خەڵکی هەولێر نەبووە، بەڵکو بەفەرمانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بووە. هەروەها دیارە هێزە فەرمییەکانی شارەکە ئەم کارەیان کردووە نەك خەڵکی ئاسایی.

هەر لەو سەردەمەدا کە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی بوو، دیارە هەندێ لەکەسایەتییەکانی هەولێر بەهەڵوێست وکارەکانیان ڕەزامەندی دەولەتیان بەدەستهێناوە، بۆیە لەلایەن سوڵتان (محەمەد ڕەشاد 1909-1918)ـەوە ڕێزیان لێنراوەو نازناوی (پاشا)یان پێدراوە. سێ لەمانە بەپلەی (پێنج) ئەم نازناوەیان وەرگرتووە، کەبریتی بوون لە: (عەلی ئاغای مەحمود ئاغای دۆغرەمەچی) و(ئەحمەد ئاغای دزەیی) و(عەبدوڵلا ئاغای کوڕی عەباس ئاغا). بەڵام (ڕەشید ئاغای کوڕی وەیسی ئاغا) نازناوی (پاشای پلە سێ)ی وەرگرتووە. بێگومان هەریەکێك لەمانە فەروێکی سمۆرەو شمشێرێکیشی وەکو دیاری سوڵتان

---

[107] مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص143.

[108] نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل27.

[109] لەم بارەیەوە بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، ڕەواندز/ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە 1918- 1939، چ2، کەرکوك 2008، ل30- 33.

[110] ياسين العمري، غاية المرام...، ص207.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێدراوە، چونکە لەنەریتی فەرمیدا ئەمانە لەگەڵ نازناوەکەدا دەبەخشران. بێگومان ئەمەش پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کەسانەی بەرزکردۆتەوە.[111]

هەر پەیوەست بەهەڵوێستی کەسایەتییەکانی هەولێر، ئاشکرایە کە شاری هەولێریش وەك زۆربەی شارەکانی تری کوردستان و ناوچەکە، لەسەردەمی عوسمانیدا چەندین جار تووشی گرانی وقاتوقڕی بۆوە. بێگومان ئەمەش نەهامەتی زۆری لەگەڵ خۆیدا بۆ شارەکە دەهێنا. بەڵام لایەنێکی ڕووناکی ئەم پێشهاتانە ئەوەبوو کە هەندێ لە دەوڵەمەند وساماندارانی شارەکە ڕۆڵێکی جوامێرانەیان دەبینی لەیارمەتیدانی برسی ولێقەوماوان. وەکو گرانییەکەی ساڵانی 1907- 1908 کە هەولێری گرتەوە؛ بەڵام هەندێ لەخوداپێداوانی شارەکە لەنمونەی موفتی هەولێر (جەمیل ئەفەندی کوڕی شێخ عەلی کوڕی مەلا ئەبوبەکر 1878- 1919) باری ئەم گرانییەیان لەسەر خەڵکەکە سووك کرد بەدابینکردنی خۆراك بۆ هەژار و برسییەکان.[112]

سەبارەت بەچالاکی ڕۆشنبیری و بەتایبەتی ڕۆژنامەگەری؛ هەرچەندە لەو سەردەمەدا هیچ ڕۆژنامەیەك لەهەولێر دەرنەچووە، بەڵام ئەم شارە لەم بوارە دانەبڕاوە. چونکە هەندێ لەکەسایەتییەکانی هەولێر لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەرەوەی هەولێر کاریان کردووە یان ووتار ونووسینیان بڵاوکردۆتەوە؛ لەوانە (یوسف ناجی ئەربیللی) لەگۆڤاری (المعارف)دا کاری کردووە کە لەساڵی 1913دا لەکەرکوك دەرچووە. (ئەحمەد حەیدەری)ش لەڕۆژنامەکانی ئەستانبول نووسینی هەبوو.[113] هەرچی (مەعروف جیاووك)ـە کە ئەویش خەڵکی هەولێر بوو، ئەوا لەساڵی 1909دا هەندێ ووتاری لەڕۆژنامەکانی ئەستانبول بڵاوکردۆتەوە. هەر لەو شارە بەشداری هەندێ ڕێکخستنی سیاسیشی کردووە. دواتریش کە

---

(111) مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل22.

(112)مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص132.

(113) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل24.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەڕاوەتەوە عیراق، لەساڵی 1912دا ڕۆژنامەی (الحقوق)ی لەبەغدا دەرکردووەو چەندین ووتاریشی لەڕۆژنامەکانی تردا بڵاوکردۆتەوە.[114]

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە دانیشتووانی هەولێر لەو سەردەمەدا "بەشێوەیەکی گشتی بەکەسانێکی زیرەك وبەفیترەت تێگەیشتوو ودەستکراوەو میوان دۆست" وەسفکراون.[115] هەروەها بەرانبەر کەسانی بیانی دڕدۆنگ ودوژمنکارانە نەبوون؛ بۆ نمونە (ڕیچ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە کاتێ لەهەولێر خەریکی پشکنین بووە، خەڵکانێکی زۆر بەدەم قەنەکیشانەوە بەسەرسوڕمانەوە لێی کۆبوونەتەوەو بەشێوەی نیوە بازنە لەدەوریدا ڕاوەستاون. بەڵام کەس بێزاری نەکردووە.[116] لەکاتێکدا هەندێ گەڕیدە لەشاری تر تووشی کێشە بوون. بۆ نمونە کاتێ (دکتۆر ئیڤز) لەساڵی 1758دا سەردانی گۆڕی دانیال پێغەمبەری کردووە لەکەرکوك، منداڵانێکی زۆر لێی کۆبوونەتەوەو بەردبارانیان کردووە. سەیر ئەوەیە هەندێ بەرپرسی باڵای شارەکەشی لەگەڵدابوو.[117]

**پێنجەم: پێگەی هەندێ لەهۆزەکانی هەولێر لەمێژوودا**

دیارە هۆزە کوردەکان بەگشتی وهۆزەکانی دەوروبەری هەولێر بەتایبەتی، لەسەردەمی عوسمانیدا خاوەن سەنگ و قورسایی خۆیان بوون. بۆیە زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتداران حیسابیان بۆ دەکراو هەروەها لەمیانەی ڕووداوەکانیشدا شوێنپەنجەیان دیاربوو؛ ئەوەتا هەندێ لەهۆزەکانی هەولێر لەساڵی 1638دا بەشداری هەڵمەتەکەی سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانییان کرد بۆ گرتنەوەی بەغدا.[118] دزەییەکانیش کە بەرلە کۆتاییهاتنی سەدەی هەژدەم ببوونە سەرکردایەتییەکی هۆزایەتی

---

(114) د. ئازاد عوبێد سالح، ڕۆڵی سیاسیی وکارگێڕیی وڕووناکبیریی مەعرووف جیاووك/ 1885-1958، هەولێر 2012، ل76، 325- 331. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە بڕوانە: هـ. س.

(115) موصل ولايتي سالنامەء رسميسيدر 1330هـ، ص277- 278.

(116) رحلة ريج...، ص 245.

(117) بڕوانە: جعفر الخياط، م. س، ص42.

(118) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل18؛ مجموعة من اساتذة الجامعة، م. س، ص106.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵادەست لە دەشتی هەولێر و کەندێناوەو شەمامك،[119] ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەمێژووی ناوچەکە و چەندین جار یارمەتی سەربازییان بۆ هەڵمەتەکانی ئیالەتی بەغدا دابینکردووە.[120] لەپاداشتی ئەمەشدا زۆرجار لە باجدان بەخشراون.[121] بەگوتەی مێژوونووسێکی میسری، ئیالەتی بەغدا هۆزەکانی (دزەیی وشەمامك[122])ی تایبەت کردبوو بۆ خزمەتی سەربازی. بەتایبەتی دزەیی کە بەهێزێکی زەبروەشێنی ئەم ئیالەتە دادەنرا[123] و هەر لەبەر ئەمەش والی بەغدا بڕیاری دابوو کەڕاستەوخۆ سەربە بەغدا بێ. دیارە ئەمەش وایکردووە کە هۆزەکە سەربەستانە هەڵسوکەوت بکات. تەنانەت (فارس ئاغا)ی سەرۆکی هۆزەکە لەقوشتەپە بە پیاوێکی (ریچ)ی جێنشینی بریتانی گوتووە کە ئەو "سەر بە وەزیری بەغدا، یان پاشای کوردستان [مەبەستی میری بابانە]، یان شای ئێران نیە، بەڵکو ئەو گەورەی خۆیەتی و لەووڵاتی خۆی دەژی".[124]

بەپێچەوانەی ئەمەش هەندێ هۆزی کوردی تر بەسەربەستی ناسرابوون وملکەچی دەسەڵاتی عوسمانی نەدەبوون؛ وەکو هۆزی بلباس کە لەڕۆژهەڵاتی هەولێر بوون.[125] ئەم هۆزە زۆرجار باجیشی

---

[119] کەریم شارەزا، کورتەیەکی مێژووی دزەییان لەدەستنووسێکی مێژووییدا، گۆڤاری (کاروان) ژ(67) ئابی 1988، ل19؛ عباس العزاوی، عشائر العراق، ج2 الكردية، مطبعة المعارف، بغداد 1947، ص 145-144.

[120] بۆ نمونە بڕوانە: یاسین العمري، غاية المرام...، ص206؛ هەروەها: غرائب الاثر...، ص92.

[121] علاء موسى كاظم نورس، حكم المماليك في العراق 1750-1831، دار الحرية للطباعة، بغداد 1975، ص127.

[122] لەڕاستیدا شەمامك ناوی هۆزێك نیە، بەڵکو ناوچەیەکە لەدەشتی هەولێر و چەندین هۆز لەخۆدەگرێ.

[123] د. عبدالعزيز سليمان نوار، داود باشا والي بغداد، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة 1968، ص318-319.

[124] کلودیوس ریچ، م. س، ص243.

[125] شوێنی بنەڕەتی ئەم هۆزە ناوچەکانی شارەزوور وپشدەر بوو بەتایبەتی لەسەدەی حەڤدەمدا، تا لەژێر فشاری شاڵاوە بەردەوامەکانی عوسمانییەکان ناوچەکانی خۆی جێهێشت و ڕوویکردە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەڵام دیارە بەشێکی ئەم هۆزە لەساڵانی دواتردا لەنێوان ناوچەکانی ڕۆژهەڵات وباشووری کوردستاندا گەرمیان وکوێستانیان کردووە. تا لە دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەمدا لەڕۆژهەڵاتی هەولێر نیشتەجێکراون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سعدى عثمان، كوردستان الجنوبية...،

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەدەدایە دەوڵەت، بۆیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە تووشی چەندین شاڵاوی سەربازی بوویەوە.[126] بلباسەکان کە بەهۆزێکی "یەکجار زۆر وئازا" ناسرابوون،[127] هەرچەندە بە تۆپیش بۆردومان دەکران، بەڵام هەمیشە بەرگرییان دەکردو بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نەدەدا. بەگوتەی شایەتحاڵەکان، ئافرەتانی بلباسیش شانبەشانی پیاوان بوێرانە شەڕی لەشکری هێرشبەری عوسمانییان دەکرد.[128]

لەهەندێ باری تردا هۆزەکانی هەولێر بەرپەرچی کردارە سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتی عوسمانییان داوەتەوە لەشارەکەدا؛ بۆ نمونە لەساڵی 1903دا دەسەڵاتدارانی هەولێر (کاکل ئاغا)ی سەرۆك هۆزی (گەردی)[129]یان گرتووە. بەڵام سوارەکانی ئەم هۆزە بەسەر بەندینخانەی شاریان داداوەو سەرۆکی خۆیان دەربازکردووە.[130]

بێگومان لەمیانەی هەندێ لەپێشهاتەکاندا هۆزەکانی هەولێر هەڵوێستی نەتەوەییشیان پیشانداوە؛ وەکو پشتیوانیکردنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. هەروەها

ص171-172؛ لەبارەی ئەم هۆزە بڕوانە: محمود احمد محمد، مێژووی هۆزی بلباس لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، ب1، سلێمانی 1989؛ هەروەها: عباس العزاوی: عشائر العراق، ج2، ص101-106.

(126) بۆ نمونە بڕوانە: عبدالرحمن بن عبدالله السویدی، تأريخ بغداد (أو – حديقة الزوراء في سيرة الوزراء)، ج1، تحقيق: د.صفاء خلوصي، مطبعة الزعيم، بغداد 1962، ص63؛ ياسين العمري، غاية المرام...، ص202؛ هەروەها: غرائب الآثر...، ص63.

(127)ابراهيم فصيح بن السيد صبغة الله الحيدری، عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة ونجد، مطبعة دارالبصري، بغداد 1962، ص119.

(128) الكركوكلي، م.س، ص40-41،

(129) هۆزێکی گەورەیەو لەکوردستانی باکوورو هەروەها ڕۆژهەڵاتیش هەبوونی هەیە. لەباشووری کوردستانیشدا لەناوچەی بەحرکەی نزیك هەولێر و هەروەها نزیك کۆیە و لەدەڤەری بارزانیشدا هەن. لەسەدەی بیستەمدا ڕۆڵی لەڕووداوەکانی هەولێردا هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عباس العزاوی، عشائر العراق، ج2، ص123- 127.

(130) هادی رشید الچاوشلی، م. س، ص27- 28؛ نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل22.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانیش لەلایەن ژمارەیەك هۆزی كوردی هەولێرەوە پشتیوانی لێكرا، لەنێویاندا هۆزی دزەیی.[131]

لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهانیشدا هەندێ لەهۆزەكانی هەولێر كەوتوونەتە ژێر كاریگەری (بانگەوازی غەزا) و لەژێر ئاڵای شێخ مەحمودی حەفید، لەباشووری عیراق بەشداری شەڕی (شعێبە)یان كردووە دژی هێزەكانی بریتانیا.[132] هەر لەمیانەی ئەو جەنگەدا كاتێك هێزەكانی ڕوسیا ڕواندزیان داگیركردو دەستدرێژییان كردە سەر دانیشتووانەكەی، هەندێ لەهۆزەكانی هەولێر خۆبەخشانە بۆ شەڕی ڕوسەكان چوون. بەڵام ئەم كارەیان بەهاوئاهەنگی بووە لەگەڵ سوپای عوسمانی[133] وەكو پێشتر باسمانكرد.

## دەرەنجامەكان

1- شاری هەولێر لەسەدەی شازدەمدا تارادەیەكی باش ئاوەدان بووەو تەنانەت هەندێ كارخانەشی هەبووە. شارەكە (5) هەزار كەس زیاتری تێدابووەو لە (7) گەڕەك پێكهاتووەو مزگەوتی موزەفەرییەش لەو سەردەمەدا مابووەو لەنێو شاردا بوو. بەڵام لەدوو سەدەكەی دواتر بەهۆی جەنگ وئاژاوەی ناوەخۆیی وململانێی بەردەوامی عوسمانی- ئێرانی وهەروەها بڵاوبوونەوەی قاتوقڕی و پەتا، ڕووبەری ئاوەدانی كەم بۆتەوەو بووەتە شارێكی لاوەكی وكەم بایەخ. كەچی لەسەدەی نۆزدەمدا بەهۆی گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە، شاری هەولێریش بووژاوەتەو ژمارەی دانیشتووانی لەساڵی 1907دا لە (7500) كەس زیاتر بووەو لەڕووی ئاوەدانی وبازاڕ ودامەزراوە گشتییەكانیش پەرەسەندنێكی ڕێژەیی بەخۆوە بینیووە.

2- سەبارەت بەپێگەی سیاسی–كارگێڕی، بەدیاركەوت كە لەسەرەتای سەردەمی عوسمانیدا هەولێر بایەخێكی گرنگی هەبووەو مەڵبەندێكی سەرەكی میرنشینی سۆران بوو. بۆ ماوەیەكیش

(131) اسماعیل شكر، م. س، ص29.

(132) سروە اسعد، م. س، ص43. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم شەڕە و ڕۆڵی كورد تیایدا بڕوانە: م. ن، ص43- 44.

(133)نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س. پ، ل27.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(1542 بەدواوە) بووەتە مەڵبەندی ویلایەتێکی عوسمانی. بەڵام دواتر سەنگی سیاسی-کارگێڕی دابەزیوەو بووەتە سنجەق (لیوا)یەك لەناو ویلایەتەکانی تر، بەتایبەتی هەردوو ویلایەتی بەغداو شارەزوور. بەڵام هەندێ جار کەوتۆتەوە دەست هێزە خۆماڵییەکان بەتایبەتی هەردوو میرنشینی بابان وسۆران. لەکۆتاییشدا پێگەی کارگێڕی دابەزیوەو بووەتە (قەزا)یەك لەنێو سنجەقی شارەزوور (کەرکوك)ی سەربە ویلایەتی موسڵ.

3- لەڕووی ستراتیژی وئابوورییەوە، لەو سەردەمەدا هەولێر بایەخی بەرچاوی هەبوو. چونکە چەند ڕێگایەکی گرنگ بەم شارەدا تێپەڕدەبوون؛ ئەمەش لەلایەك وایکردبوو کەببێتە خاڵێکی بەیەکگەیاندنی نێوان ویلایەتی بەغدا و پایتەختی عوسمانی، بەتایبەتی لەڕووی کارگێڕی وسەربازییەوە. لەلایەکی تریش ببێتە وێستگەیەکی کاروانە بازرگانییەکان بۆ هەردوو بازرگانی ناوەخۆو دەرەکی. بازرگانانی هەولێریش بەشدارییان لەم بازرگانییەدا دەکردو پەیوەندی ئابوورییان لەگەڵ شارو ناوچەکانی تردا بەستبوو. ئەم پەیوەندییە ئابوورییە هەندێ جار دەگەیشتە ئاستی ڕزگارکردنی ناوچەکانی تر لەنەهامەتی وقاتوقڕی. ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەی هەولێر بوو بەتایبەتی لەڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی.

4- سەبارەت بەڕۆڵی دەسەڵاتدارانی هەولێر لەپێشهاتەکاندا، چەندین نمونەمان بەرچاودەکەوێ؛ هەندێ جار ڕۆڵیان بینیوە لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناوچەکەو سەقامگیرکردنی ئاسایش. هەندێ جاریش بەشدارییان کردووە لەڕاپەڕینەکان دژی دەسەڵاتی عوسمانی. بەتایبەتی (قۆچ پاشا) کە بێجگە لەم هەڵوێستەی، پێشتر یارمەتی شاری (موسڵ)ی دابوو کاتێ لەساڵی 1743دا لەلایەن نادرشا ئابڵوقەدرا.

5- خەڵکی هەولێر لەو سەردەمەدا گروپێکی بەهەڵوێست بوون؛ بۆیە زۆرجار لەدژی ستەمکاری دەسەڵاتداران دەوەستانەوە. هەندێ جار سکاڵایان دەبردە بەر دەسەڵاتی باڵا وجارێکیش فەرمانداری شارەکەیان بەدەرنا. لەهەمبەر داگیرکاری بیانیش بەرگرییان کردووە، لەکاتێکدا دەروازەی شارەکەیان بەڕووی هێزە خۆماڵییەکان کردۆتەوە. خەڵکی شارەکە هەڵوێستی نەتەوەییشیان نواندووە، بەڵام هەندێ جاریش هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت هەڵوێستی ئەرێنییان هەبوو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- هۆزەکانی دەوروبەری هەولێر لەو سەردەمەدا سەنگی خۆیان هەبوو، بۆیە هێزو توانایان لەلایەن دەولەتەوە بەهەند وەرگیراوەو سوودیان لێبینراوە. بەتایبەتی دزەیی کە لەلایەن والی بەغداوە بایەخی تایبەتی پێدراوە. بەڵام هۆزێکی وەکو (بلباس)یش چەندین جار دژی دەسەڵاتی عوسمانی وەستایەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:

- د. خليل علي مراد، دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية اربيل 949هـ /1542م، اربيل 2015.
- د. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، منشورات وزارة الثقافة، اربيل 2008.
- فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن 10هـ 16م، مج1، استانبول 2010.
- محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (1880) لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، هەولێر 2000.
ـ نەجاتی عەبدوڵلا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا 1879ـ 1882، سلێمانی 2004.
-Halil Sahillioglu, Dorduncu Muradin Bagdat seferi Menzilnamesi (Bagdat seferi Harp Jurnali) Belgeler: Turk Tarih Belgeleri Dergisi, cilt: X111, sayi 17 dem ayribasim, Ankara 1988.

### دووەم: چاپکراوی حکومی:

- سالنامەء ولايت موصل 1308هـ، مكتوبي ولايت سعاد تلو حسن توفيق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**
رقم التصنيف الدولي: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

- موصل ولايتى سالنامهء رسميسيدر 1325، عزتلو صفوت بك معرفتيله ترتيب و دردنجى دفعه اولەرق، موصل مطبعەسندە طبع اولنمشدر، ص219.
- موصل ولايتي سالنامهء رسميسيدر 1330هـ، موصل مطبعة سنده طبع اولنمشدر.

**سێیەم: گەشتنامەو یادداشت:**

**أ- بەزمانی عەرەبی:**

- اوليفييه، رحلة أوليفييه الى العراق 1794-1796، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد 1988.
- جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد فى 1834، ت: جعفر الخياط، مطبعة المعارف، بغداد 1964.
- دبليو. آر. هى، سنتان فى كردستان 1918- 1920، ج1، ت: فؤاد جميل، بغداد 1973.
- رحلة مطراقي زاده/ لنصوح افندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده (توفي بعد 957هـ)، ت: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ابوظبي 2003.
- كارستن نيبور، رحله نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ت: د.محمود امين حسين، بغداد 1965.
- كلوديوس جيمس ريج، رحله ريج فى العراق عام 1820، ت: بهاءالدين نوري، ج1، مطبعة السكك الحديدية، بغداد 1951.
- ليونهارت راوولف، رحلة المشرق (الى العراق وسوريا ولبنان وفلسطين)، ت: سليم طه التكريتي، دار الحرية للطباعة، بغداد 1978.
- محمد بن أحمد الحسيني المنشئ البغدادي، رحلة المنشئ البغدادي/ 1822م-1237هـ، ت: عباس العزاوي، بغداد 1948.

**ب- بەزمانی کوردی:**

-سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (1734- 1743) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریانی، چ1، هەولێر 2013.
- سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆکوردستان ساڵی 1817، و: د. نەجاتی عەبدوڵلا، هەولێر 2012.

**چوارەم: نامەی زانکۆیی:**

- علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في اوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل 1992.
- عماد عبدالسلام رؤوف، الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك1749-1831، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب جامعة القاهرة 1976.
- نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1918- 1926دا/ توێژینەوەیەك لەبارودۆخی ئابووری، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر 2008.

**پێنجەم کتێب:**

**أ- بەزمانی تورکی:**

- شمس الدين سامي: قاموس الاعلام، مج 3، مهران مطبعة سى، استانبول 1306 رومي /1891م.
- هاممەر، دولت عثمانية تأريخي، مترجمى: محمد عطا، ج4، استانبول 1330 ڕومی.
-Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964.

**ب- بەزمانی فارسی:**

-میزرا مهدی خان استرا بادی، دره نادره، تصحيح: ميرزا عبدالوهاب، شيراز 1271هـ.

**ج- بەزمانی عەرەبی:**

- ابراهيم شريف، الموقع الجغرافى للعراق وأثره فى تاريخه العام حتى الفتح العربى، ج2، بغداد د. ت.
- ابراهيم فصيح بن السيد صبغة الله الحيدرى، عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة ونجد، مطبعة دارالبصري، بغداد 1962.

مجلة قەڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- أحمد عبدالرحيم مصطفى، فى اصول التاريخ العثمانى، ط 3، دار الشروق، القاهرة 2003.
- د. اسماعيل شكر رسول، اربيل/ دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي 1939- 1958، ط2، السليمانية 2005.
- حسن دومان،البيبليوگرافيا والفهرس الموحد للسالنامات والنوسالات العثمانية، انقرة 1999.
- خليل على مراد، العراق فى العهد العثماني الثاني/ دراسة فى الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية 1638- 1750، بيروت 2018.
-رسول حاوى الكركوكلى، دوحة الوزراء في تأريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة كرم، بيروت(د.ت).
- ستيفن همسلي لونكريك، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ط5، دار الرافدين، بيروت 2004.
- سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914 – 1926، مؤسسة موكريانى، اربيل 2001.
- د. سعد بشير اسكندر، قيام النظام الإماراتي في كردستان وسقوطه، ط2، مطبعة شڤان، السليمانية 2008.
- سعدى عثمان حسين، امارة بابان فى النصف الاول من القرن الثامن عشر، مؤسسة موكريانى، اربيل 2000.
- د. سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر/دراسة فى علاقاتها السياسية والادارية والاقتصادية مع إيالتى بغداد والموصل، اربيل 2006.
- د. سعدي عثمان هروتى، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية، اربيل 2008.
- سهيل قاشا، الموصل فى القرن التاسع عشر/ دراسة سياسية 1834- 1909، بيروت 2010.
- د. سيار كوكب علي الجميل، تكوين العرب الحديث (1516- 1916)، ط1، موصل 1991.
- د. سيار كوكب علي الجميل، حصار الموصل، الصراع الاقليمي واندحار نادر شاه، مطبعة الجمهور، ط1، موصل 1990.
- شرفخان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، ج1، ط2، مؤسسة موكرياني، اربيل 2001.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- عباس العزاوى، تأريخ العراق بين احتلالين، شركة التجارة والطباعة المحدودة، مج4- 5- 6، بغداد 1949، 1953، 1954.
- عباس العزاوى، عشائر العراق، ج2 الكردية، مطبعة المعارف، بغداد 1947.
- عبدالرحمن بن عبداله السويدى، تأريخ بغداد (أو – حديقة الزوراء في سيرة الوزراء)، ج1، تحقيق: د.صفاء خلوصي، مطبعة الزعيم، بغداد 1962.
- د. عبدالعزيز سليمان نوار، داود باشا والي بغداد، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة 1968.
- علاء موسى كاظم نورس، حكم المماليك في العراق 1750-1831، دار الحرية للطباعة، بغداد 1975.
- مجموعة من أساتذة الجامعة، اربيل/ دراسه تأريخية، إشراف: محسن محمد حسين، مطبعة اراس، اربيل 2012.
- محمد أمين بن خيرالله الخطيب العمرى، منهل الاولياء ومشــرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، ج1، تحقيق: سعيد الديوه جي، مطبعة الجمهورية، الموصل 1967.
- محمد أمين زكى، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ت: محمد علي عوني، ط2، بغداد 1961.
- هادي رشيد الچاوشلي، تراث اربيل التاريخي، الموصل 1985.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمرى، زبدة الاثار الجلية فى الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف 1974.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمرى ،غاية المرام في تأريخ محاسن بغداد دار السلام، دار منشورات البصري، مطبعة دار البصري، بغداد 1968.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمرى ،غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، مطبعة أم الربيعين، الموصل 1940.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، منية الادباء في تأريخ الموصل الحدباء، تحقيق ونشر: سعيد الديوهجي، مطبعة الهدف، الموصل 1955.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

**مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق**

**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**

رقم التصنيف الدولي: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

**د- بەزمانی كوردی:**

- ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، ڕەواندز/ توێژینەوەیەكی مێژوویی- سیاسییە 1918- 1939، چ2، كەركوك 2008.
- د. ئازاد عوبێد سالح، ڕۆڵی سیاسیی وكارگێڕیی وڕووناكبیریی مەعرووف جیاووك/ 1885- 1958، هەولێر 2012.
- حسین حزنی موكریانی، مێژووی میرانی سۆران، چ2، چاپخانەی كوردستان، هەولێر 1962.
- د. سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێكی مێژووی ڕامیاری وكۆمەڵاتی وئابووری كوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر 2013.
- محمود احمد محمد، مێژووی هۆزی بلباس لەكۆنەوە تا ئەمڕۆ، ب1، سلێمانی 1989.
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەنێوان سالآنی 1914- 1930، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر 2008.

**هـ- بەزمانی ئینگلیزی:**

- L. Lockhart, Nadir Shah/ A critical Study Based Mainly upon contemporary Sources, London1938.

**شەشەم: توێژینەوە:**

- د. جبار قادر، اربيل فی السالنامات العثمانية، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژ (26)، هەولێر 2013.
- جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد و كركوك و الموصل، مجلة (الاقلام) ج( 12)، س(2) آب 1966.
- د. سەعدی عوسمان هەروتی، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران ودەولەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەمدا، پرۆسیدینگی یەكەمین كۆنفرانسی نێودەولەتی (ڕواندز و پێگەیێكی ژیاری بەدەولەتبوون لە مێژووی كوردا 19-20 ئایاری 2016/ ڕواندز) هەولێر 2017.
- كەریم شارەزا، كورتەیەكی مێژووی دزەییان لەدەستنووسێكی مێژووییدا، گۆڤاری (كاروان) ژ(67) ئابی 1988.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- Halil sahillioglu,Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, Ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt. Liv, sayi: 211, 1990.

## الملخص

## الصفحات المشرقة من تاريخ اربيل خلال العهد العثماني

*أ.د. سعدى عثمان هروتى/ جامعة صلاح الدين- اربيل*

إن مدينة اربيل قد شهدت خلال تأريخها العريق العديد من الكوارث والنكبات، ولكن سجلها التأريخى حافل ايضا بالعديد من الصفحات المشرقة، التى تعد موضع فخر لابناءها. وغرضنا الرئيس من هذا البحث تصفح تلك الصفحات المشرقة وإبراز ابعادها، كى يتسنى لنا تحقيقها تأريخيا. ولكننا سوف نتحدث عن العهد العثمانى فقط، والذى استمر قرابة اربعة قرون (1514- 1918). وذلك لان أحداث ذلك العهد لم تنل حظها الوافى من الكتابة والبحث التأريخى. ومن المؤكد إن محاولة من هذا القبيل تخدم مجال كتابة تأريخ المدن، الذى يحظى بأهميته فى علم التدوين التأريخى.

بعد كتابة تمهيد ضرورى للموضوع والذى يتعلق بالحالة العمرانية والسكانية لمدينة اربيل خلال العهد العثمانى، انتقلنا الى صلب الموضوع: أما الصفحات المشرقة التى عرضت خلال البحث، فبعضها يتعلق بمكانة اربيل فى الدولة العثمانية من الناحية السياسية- الادارية. والبعض الاخر تبين الثقل الاستراتيجى والاقتصادى لاربيل. كما تم تجسيد الدور المشرف لبعض حكام اربيل فى تاريخ المدينة والمنطقة عموما. وبالطبع فإننا لم نهمل موقف السكان العاديين فى المدينة، والذين كان لهم دور مشهود فى بعض الاحداث. وقد تناولنا كل تلك الجوانب فى مباحث منفصلة. وفى النهاية أوضحنا موقع بعض العشائر القاطنة فى نواحى اربيل، فى خضم الاحداث، وذلك فى المبحث الاخير من البحث.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

### The bright pages from Erbil history in the Ottoman era

*Prof. Dr. Saadi Uthman Haruti/Salahadden University- Erbil*

The Erbil city has witnessed many Crises and Catastrophes in its Inveterate history, but its historical record is also full of many bright pages, which the city and its Residents are proud of. Our main purpose in this research is to show these bright pages and highlight their effective, to investigation them historically. But we will only take the Ottoman period, which lasted for about four centuries (1514 - 1918). Because there is no much historical research about the events of that era. In the other hand, an attempt of this kind serves the attempts to writing the history of the cities, which has its importance in historiography.

After writing a necessary preliminary about the expansion and demography of Erbil during the Ottoman period, we moved to the core of the subject: The bright pages which presented during the research, some of them related to the position of Erbil in the Ottoman Empire from the political-administrative point of view. Others show Erbil's strategic and economic importance. The role of some of the Erbil governors in the history of the city and the region in general, was also reflected. Of course, we did not neglect the attitude of ordinary residents of the city, who had a prominent role in some events. We have addressed all these aspects in various themes. In the last themes we talked about the role of some Erbil tribes in the midst of events.